
# واقیع، سیمبوڵ، پاڕادۆکس لە چیرۆکەکانی (سەدرەدین عارف)دا




ئەدیب نادر

کتێبی ژنەفتن
٧

کتێبی ژنەفتن

٧

# واقیع، سیمبوڵ، پاڕادۆکس لە چیرۆکەکانی (سەدرەدین عارف)دا

ئەدیب نادر



# واقیع، سیمبوڵ، پاڕادۆکس لە چیرۆکەکانی (سەدرەدین عارف)دا

ئەدیب نادر

وەشانی ژنەفتن

jineftin.krd

ناونیشانی: واقیع، سیمبوڵ، پاڕادۆکس لە چیرۆکەکانی (سەدرەدین عارف)دا

نووسینی: ئەدیب نادر

بابەت: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

دیزاینی: گەیلان عەبدوڵا

مێژووی بڵاوکردنەوە : هەولێر، حوزەیرانی ٢٠٢١

چاپی یەکەم: ئلیکترۆنی

٧٩ لاپەڕە

Email: jineftin@jneftin.krd

مافی لەچاپدانەوەی ئیلکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.

بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێپێدراوە.

پێموابێ لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بۆ یەکەم جار لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری "ئەلسەقافە"، کە دکتۆر سەلاح خاڵس سەرنووسەری بوو، ناوی (سەدرەدین عارف)م بەرچاو کەوت. دیارە ئەو کات سەرپێییانە لە دەقەکەیم ڕوانی و نایشزانم بۆ؟ یان با بە شێوەیەکی ڕاستتر بڵێم ئەو سەردەمانە پتر خاوەنی هەستێکی شیعرییانەی تاقانە بووم و سەرلەبەری مەیل و خولیای من ئەو ژانرە بەلای خۆیدا پەلکێشی دەکرد و لە دنیاکەمدا ببووە چەق و خوێندنەوە و موتالاشم دیاریکراو و سنووردار بوو، بەو هۆیەوە زانینی بەهای دەقی ئەدەبیشم لە ئاستێکی ئەوتۆدا نەبوو، بەڵگەنەویستیشە بۆ تیژکردنی لە زۆر لایەنەوە پێداویستیم بە گومان، یاخود سەرسامی هەبوو تاکو لەبەردەم مەعریفە ڕێگام بۆ والا بکەنەوە و هاوکات "**بۆرخێس**" گوتەنی، پێگەیشتنیشی پووچەڵ بکەنەوە، چونکە پێگەیشتنی بێ چەندوچوون

دیـــاریکردنی کۆتـــاییـــەتی. ئیـــدی دابڕانێکی زەمـــەنیی دوورودرێژ کەوتە نێوانی من و ئەم نووســـــەرە تا ئەو کاتەی "ســــابیر ڕەشـــــید" چیرۆکەکانی کۆکردەوە و لە نامیلکەیەکی قشـــــتیلەدا لە پاڵ هەندێ زانیاری لەســـــەر ناوبراو و لێکۆڵینـەوەیـەکی تێروتـەســــــەلی خۆیدا بڵاوی کردنەوە، کە بێشک ئەم جۆرە کارانە جێگای دەستخۆشی و ستایشـە کە زاتێکی لەخۆبوردوو ئاوا قۆڵی لێ هەڵماڵێت و جیددییانە لە خەمی ئەوەدا بێت ئەرشیفاندن بۆ چیرۆکی هونـەری کوردی و پێشـــــەنگەکانی بکات. لـەبـەر ئـەوەی بـابـەتی ئـەدەبیش خـاوەنی بـەهـای مـەعنـەوییـە و کـارلێک لـەنێوان دەق و خوێنـەردا دێنێتـەکایـەوە، ئیتر مـەراقی ئـەم نووســــینە لە کەڵکەڵەمدا ســـــەریهەڵدا و بوو بە پڕۆژەی لێکۆڵینەوەیەک چاوەڕوانی بەدیهاتن، یان لەدایکبوون بێت، هـەروەکو "***ســــتـانلی فیش***"یش دەڵێ: تـەنهـا ڕەخنـەکـار بەرپرسیارە لە کێشکردنی- بێگومان دەقی ڕەخنە- بۆ ناو بوون، چونکە بەبێ خوێندنەوە، کە ڕەهەندێکی گرنگ و پێویستی هەموو تێکستێکە، بە بۆچوونی (ئاندرۆ بێنیت و نیکۆلاس ڕۆیڵ)، دەق بەرهەم نایەتەوە، واتە بوونی نابێت.

ئەگەرچی لە داهێناندا "**ئەدۆنیس**" وتەنی مرۆڤ پڕۆژەیەکە بەرکەماڵ بەخۆیەوە نابینێ، دیارە لەبەر ئەوەی لە نووسین نەکەوتووە و بەردەوامە. بەرباسدانی ئەزموونی نووسەریێکیش- لە ڕاستیدا پڕۆژەیەکی بنبەستە، یانی تەواو بووە لەبەر ئەوەی دەستی لە دنیای نووسین کێشاوەتەوە- لە هەموو لایەنێکەوە کارێکی تا ڕادەیەک سەخت و دژوارە، بەڵام لە بەسەرکردنەوەیەکی وادا دەشێ لایەنێک، یا چەند لایەنێکی ئەو ئەزموونە ڕووناکی بخرێتەسەر و هەوڵی تێرامانی بدرێت و بە کۆششێک لە قەڵەم بدرێت بۆ خستنەڕووی هەندێ پاڕادۆکسی ناو دەقەکانی و دەرخستنی ناتۆکمەیی گرێچن لە هەندێ شوێنیاندا و هەندێ لایەنی دیکەی وەکوو ئەوەی ئاخۆ توانیویێتی واقیع لە زانیارییەکانی دانەماڵێت و پەردەپۆشی نەکات، کە ئەمەیش بەوە دێتەدی تێکستەکان لە کۆنتێکستی خۆیان دەربهێرێن تاکو بشێ خوێندنەوەیەکی پۆزەتیڤانەی ڕەخنەیی لێوە بێتەدی... خوێندنەوەیەک ڕابردوومان بیهێتەوە یاد و نەهێڵێت لە بیری بکەین، ئەگینا، ***جۆرج سانتایانا*** گوتەنی مەحکووم دەبین بە دووبارەکردنەوەی،

چونکە دەق بەپێی کاتی جیاواز و کۆنتێکستی جیاواز دەگۆڕێت و دیارە ئەوەی دەیگۆڕێتیش خوێندنەوەیە.
ڕاستە (***سەدرەدین عارف***) چیرۆکی زۆری نەنووسیووە، ئەوەشی نووسیوێتی، وێڕای بەها مێژووییەکەی، بەهایەکی هونەرییانە و ئیستێتیکییانەیش هەڵدەگرێت. چونکە بەر لە زۆرێک لە کاراکتەرەکانی ناو دنیای ئەدەبەکەمان درکی بە گۆڕانکارییەکانی سەردەمەکەی کردووە و زانیوێتی تەکنیکی ترادیسیۆنی و شێوازە فۆلکلۆری و تەقلیدییەکانی هونەری گێڕانەوەمان چیدی پێیان ناکرێت گوزارە لە پەیوەندییە تازەکانی بکەن کە لە گۆڕانێکی بێلێبڕدان، بۆیە پەنای بردۆتە بەر تەکنیکە تازەکان، کە بەر لە هەموو شتێک ئایدیای ئەوە لە ئاوەزی وەرگر بەرجەستە دەکات کە بە شێوەیەکی ئاگامەندانە و شارەزایانە، بە پێچەوانەی زۆر لە نووسەرەکانی سەروبەندەکەی تەکنیکە مۆدێرنەکانی گێڕانەوەی بەکار بردووە، هەر لە گۆشەنیگای کەسی یەکەمی تاک و کەسی سێیەمی تاک و جێگۆڕکێی سەرەتا و کۆتایی، مۆنتاجی کات و شوێن و فلاشباک و مۆنۆلۆگ و دایەلۆگ و تەداعی و مۆنتاج و گرتەی سینەمایی و داهێنانی دەق بە دیمەن و... تاد، دەکرێ

بوترێ مەعریفەی تەواوی لەبارەیانەوە هەبووە و زانیویێتی کەی و لە چ بارێکدا بەکاریان دەبات و بە کەڵکی چ نیازێک دێن.

بێگومان لە ڕێگای دەقەکانییەوە هەوڵی داوە ئەو ئاسۆ چەقبەستووە تێپەڕێنێ کە چیرۆکی کوردی ئەو سەروبەندە تێیدا گیری خواردووە، لەبەر ئەوەی خاوەنی ئەزموونێکی ڕەسەنیش بووە، تێیپەڕاندووە. لە ڕاستیدا خاوەنی ئەزموونێک بووە سنووری مەئلووفی تێپەڕاندووە، وەکو ئەوەی "***وولفگانگ ئایزەر***" دەڵێت، بۆیە کاریگەری بەدوای خۆیدا جێهێشتووە و نووسەران و ئەزموونەکانی تری والێکردووە بکەونە ژێر کارکردە قووڵەکەی، چونکە بەو گوێرەیەی دید و دنیابینیی جیاوازی هەبووە توانیویێتی شەقڵ بە ئەدەبێکی جیاواز ببەخشێت و بەرهەمی بهێنێت و ڕەهەندەکان و ناوەڕۆکەکانی چیرۆک لە زمانێکی بێ زیادوکەم چڕ بکاتەوە و ئاستی واقیعی و ئاستی خودیی تێدا کۆبکاتەوە، یانی خودێتییەکی بابەتییانەی پێببەخشێ. جا بۆیە- بۆ ئەوکاتە- خاوەنی دەقی جیاوازە و ئاسۆیەکی جیاوازیشی دەستەبەر کردووە و مەرگی چیرۆکی تراديسيۆنیی ئێمەی ڕاگەیاندووە بەوەی بابەتییانە

پراکتیزەی نووسینی کردووە و بۆ گەیشتن بە جەوهەری شتەکانیش پەردەی لەسەر واقیع لابردووە و دەقێکی بەرهەمهێناوە تێیدا بە خوێنەر دەڵێت: تەنها پشت بە پێدراوەکانم مەبەستە و ئاگات لە دەرەوەی دەقیش بێت، چونکە دەرەوە هەمیشە هاوتای بابەتییانەی دەقە و ئەدەبیش بۆ ئەوە بەرجەستە دەبێت ئاماژە بە دەرەوەی خۆی بدات، ئاماژە بە شتێک بدات کە لە دەرەوەی خۆیدایە. ئینجا یان بۆ ئەوەی ڕەخنەی لێبگرێ، یاخود بۆ ئەوەی بیگۆڕێت و پێشی بخات. زمانیش ئەگەرچی سێنتەری دەق نییە و لە ڕاستیدا مانا سێنتەرێتی و مانایش بابەت و فیکر شەقڵی پێدەبەخشن، بە گوێرەی "جاک دێریدا"یش بێت، دەستاوێژی گوزارشتکردنە دەربارەی واقیعێک کە بوونی هەیە، یانی واقیع بەر لە کاری ئەدەبی بوونی هەیە، هەر بۆیە دەبێتە سەرچاوەی یەکەمی دەق، بەڵام بە گواستنەوە نا، چونکە گواستنەوەی واقیع وەکوو خۆی بۆ ناو ئەدەب، هەروەکوو "***ڕینێ ویلیک***" بۆی چووە، جوانییەکی خراپ بەرهەم دەهێنێ، لەبەر ئەوەی ئەدەبیش داهێنانە و هەر شتێکیش بگوازێتەوە دەبێ دایبهێنێتەوە لەناو خۆیدا ئەگینا بەبێ ئەمە بەرکەماڵی بەخۆوە نابینێ و نابێتە جێگا بۆ

ڕامان لە ژیان و دنیا پڕ کێشــمەکێشــەکەی... جگە لەوە لە ڕێگای نووســینیشــەوە ئەوەمان پێڕادەگەیەنێ کە مرۆڤ نـاتوانێ پێبـەپێی دنیـابینی فیکریی خۆی یۆتۆپیـای خۆی بنیات بنێ، چونکـە مـەحکوومـە بـەو هـەلومـەرجـەی خۆی بەسـەردا دەسـەپێنێ، بۆیە هیچ سـەربەخۆ نییە لە بڕیاردان و پراکتیزەکردنی ئـەو شــــتـەی دەیـەوێت، لـەبـەر ئـەوەی بارودۆخە بابەتییەکان بەســـەر تاکدا زاڵن و پێویســـتە بە گوێرەی ئەوە کاروبارەکانی لە قاڵب بدات.

چیرۆک، دیارە وەک شــــیعر نییە، واقیع ناشـــارێتەوە و دەریدەخات، ئاشــکرای دەکات، دنیامان پێشــکەش دەکات بۆیە "***میشێل بوتۆر***" وتەنی یەکێکە لەو بنەما سەرەکییانەی درکی حـەقیقـەتی پێدەکـەین، گێڕانـەوەشــــی- کـە بـەهـای مـەعریفی و دواجار بەهـای ئیســـتێتیکی بنەمایەتی وەکو ئـەوەی "حـەمید ئـەلڕوبـەیعی" دەڵێت- ئـەو ئـانـە دەبێتـە کارێکی جیددی کە ئامڕازە مەعریفییەکانی پێگەیشــتبن، کە ئەمانەیش بە پلەی یەکەم بریتیین لە پێگەیشتنی ئەزموونی ژیانییانـەی نووســـــەر لـە هـەموو لایـەنـە ڕۆشـــنبیری و دەروونی و کۆمــەڵایــەتییــەکــانییــەوە. کــاری ئــەدەبییش، هەروەکوو "**دەیڤد فۆرگاش**" بۆی چووە مەعریفە سەبارەت

بە دنیای ڕاســـتەقینە پێشـــکەش دەکات، ئەمەیش دەمانباتە ســـەر ئەو قســـەیەی ***هایدێگەر*** کە دەڵێ **ئەرکی نووســـەر مـەزراندنی هـەقیقـەتـە- بـە دەربڕینێکی تر دەرخســـتنی ڕاســـتیی بوونە- لە دەقەکانیدا.** خوێنەریش، بەوەی کە دواوێســـتگای دەقە، یان دوارِەگەزە کە دەچێتە ناو دەقەوە و شـــەقڵی یەکجارەکی پێدەبەخشـــێ، بۆی هەیە بپرســـێت: چیرۆک چ پەیوەندییەکی بە ژینگە سـەردەمییەکەوە هەیە و چ پەیوەندییەکیشـــی بەو شـــوێنەوە هەیە کە تیایدا شـــەقڵ دەگرێت؟ ئایا دنیابینی و دیدێکی ئەوتۆی تێدا ڕســـــکاوە کۆمـەکی ئـەوەمـان بکـات دنیـابینیی و دیـدی خۆمـان ســـــەبارەت بە دنیاکەمان بڕســـــکێنین؟ نووســــــەریش، چ پرســـیارێک لە خۆی دەکات؟ ئایا دەڵێ من بۆ دەنووســـم؟ ئایا جەخت لەسـەر کامە ڕاسـتیی دەکاتەوە و دەیەوێ کام ڕاســـتییە بە ســـەرکەوتوویی ببینێ؟ دەکرێ زۆری تریش بخرێتە سـەر ئەم پرسـیارانە، وەکو نووسـەر چ مەبەسـتێک دەپێکێ، ئاراســـتەی چیمان دەکات، چ دیدێکمان بەســـەردا دەســـــەپێنێ، چ پرســـــیارێک لـەبـەردەم خوێـندنـەوەدا قوتدەکاتەوە؟ هی تریش کە قەت بە وەڵامێکی ڕوون ئاوس نـابن، ئـەوەی وەڵامیش دەداتـەوە لـەنـاو برگـەکـانی


نووسینێکدا، هەر تەنها هەوڵێک دەدات- پێبەپێی بیروباوەڕ و ئەزموون و تێگەیشتنی خۆی- ڕووناکیی بخاتە سەریان. ئەم هەوڵەی خوارەوەیش یەکێکە لەو جۆرە، چونکە هەر داهێنەرێک کە دەبێتە بابەتی خوێندنەوەمان دەیان پرسیارمان لە بەردەمدا ئامادە دەکات، ئیدی هەڵسەنگاندنی ئێمەیش لەو بیرکردنەوەیەدا چڕ دەبێتەوە کە بەر لە هەموو شتێک پێداویستیمان بە کێ هەیە بۆمان بنووسێت، دەقەکانی دەبێ چۆن بن و چی بن؟ ئاخۆ قبووڵ دەکەین دەقەکانی کەمتر بن لەهەر هەموو دنیاکەمان؟ ئاخۆ ئەگەر دنیاکەمان لە هۆش و ئاگاییماندا ئامادە نەکات و ڕەهەندە مرۆییەکانی تێدا نەبێت، تەواوی ئەو کۆژان و موعاناتانە نەبێت کە سنوورێک گەمارۆیان نادات و هەمان ئاسۆیشیان نییە، یانی هەمان ئاسۆ دنیاکانیان لەگەڵ هینەکەی ئێمەدا پێکەوە گرێ نەدات ئەوا پڕۆژەیەکی ئەوتۆ نییە کەماڵ بگرێتەخۆ بۆ ئەوەی ئێمە بە داهێنان لە قەڵەمی بدەین.

ئەگەر ئامانجە لە پێشینەکانی ئەدەب، وەکوو ئەوەی "**چێرنیشیفیسکی**" دەڵێت، نواندنی واقیع بێت، واتا ئامانجی باشترکردن و جوانترکردنی نەبێ، بەڵکو تەنها پێشکەش

کردنـەوە و جێگـاگرتنـەوەی بێت، ئـەوا "میشـــێل بوتۆر" پێچەوانەی ئەمە دەڵێت، ئەمە ڕەت دەکاتەوە و ئەدەب بە ئامرازێکی بەجێ و باش دادەنێت بۆ دەســــتەبەرکردنی واقیع و گۆڕینی... ئەمـەیش دیارە بە لاســــایی کردنەوە نایەتەدی، بەڵکو بە خولْقاندنەوەی دێتەدی، خولْقاندنەوەی لە ڕێگای زمانەوە، کە تاقە ئامرازێکە دەتوانێ پەیوەندی لەگەڵیدا ببەستێ و بیخولْقێنێتەوە، چونکە واقیع ئەو شتەیە کـە زمـان، وەکوو ئـەوەی "***ئیلیزابێس رایت***" ئـامـاژەی پێ دەدات، ئیشـــی لەســـەر دەکات و هەمیشـــەیش پێش دەق دەکەوێت و خۆی لەسەر ڕووداو بنیات دەنێت، ڕووداویش دیارە واقیع لە بنیاتنانی بەرپرســە، ئەرکی نووســەریش بە پلەی یەکەم خولْقاندنە، خولْقاندنەوەی واقیعە بە شـــێوە جیاوازەکانی. زمانیش، ئەگەرچی هـەر کۆمەڵێ وشـــە و گوزارشـــت و وێنە نییە، ئەگەر ڕای "حەمید ئەلڕوبەیعی" لەبەرچاو بگرین، بەڵکو ئامرازێکە گوزارشـــت لە خودێکی پێگەیشـتوو دەکات، زمانێک هەڵگری هەموو ئەو هەڵچوون و داچوون و تێفکرین و هەســـت و نەســـتانەیە کە لەناو خوددا دەڕسـکێن و پێدەگەن، ئەگینا ناتوانێ مانا دروسـت بکـات هـەر وەکو ئـەوەی بونیـادگـەراکـان دەڵێن، چونکـە

ئەگەر وابێ ئەوا دەکرێ بپرسین ئەی کەواتە ڕۆڵی فیکر و خەیاڵ چییە ئیتر؟ بێگومان ڕۆڵی فیکر و خەیاڵ و واقیعیش لە پرۆژەکەی (ســــەدرەدین عارف)دا پۆزەتیڤن، چونکە بۆ ئەو نووسین خۆی پرۆژەیەکی هاوبەشە لە نێوان ئەو سێ چەمکەدا، لەنێوانی خودی نووســـەر و دنیادا، لەبەر ئەوەی ســــوور دەزانێ بەبێ دەســــتگیرۆیی خەیاڵ- بۆ نموونە- شــــتی تازە ناخولقێ، چونکە خەیاڵ، ***کۆلیریدج*** وتەنی، ئەو هێزەیە کە ڕۆحی ڕاســــتیی ڕەها دەکات، دیارە ئەمە بۆ فیکریش هەر ڕاســــتە، بۆیە فۆکەس لە ســــەرێتی و دامەزراندنی بۆ دەکات، بەڵام لە شــــەقڵێکی جیاوازدا، بۆ ئەوەی بابەتگەلی تازە دەربخات و پەیوەندیی تازەیش کەشــف بکات، وەکوو ئەوەی "میشــێل بوتۆر" دەڵێت، تاکو لە مانا نزیک بێتەوە، یان دایبهێنێ، لەبەر ئەوەی دەزانێ پابەندبوونێکی زیاتر بە شــەقڵەوە دوورکەوتنەوەیە لە مانا، هەموو نووســــینێکی دوور لە مانایش، نووســــینێکی بێ شــــێوازە بەو پێیەی "***ئەدۆنیس***" ئاماژەی پێداوە، وێڕای ئەوەی هەڵگرتنی مانایش نایکات بە نووسینێکی داهێنەرانە هەتا ماناکە جیاواز نەبێت، چونکە نووســــین پرۆســــەی خولقاندنی ناوەڕۆکە وەکوو "***ڕەیمۆند فیدەرمان***" بۆی

چووە، نەک سەرلەنوێ پێشکەشکردنەوەی ناوەڕۆکێکی لە ڕاســـــتیدا ئامادە. ئەو ئەزموونەی چیرۆکیش بە هەموو وردەکارییەکانییەوە پێشکەشمانی دەکات پێشتر لە واقیعدا بە هەمان ئەو شـــــێوەیە بەدی نەهاتووە کە نووســـــەر دەریدەخات، بەڵکو بە پڕۆســـــەی شـــــەقڵگرتنێکی تازە دەرسکێت و دەکرێ بڵێین گوزارشتە لە تاک، تاکێک کە لە گۆڕاندایە، تاکێک پتر لە ناوەوە، نەک لە دەرەوە، پەیوەستە بە کۆ، یانی ئەو تاکەی لە دەقدا قەتیســـــی کردووە، لە ڕاســـــتیدا تاک نییە، یان منی تاک نییە، بەڵکو خودێکی بابەتییانەیە و تەوزیف کراوە، چونکە (ئاندرۆ بێنیت و نیکۆلاس ڕۆیڵ) ئاماژەیان بەوە داوە کە ئێمە کاتێک لەبارەی کاراکتەرەوە دەخوێنینەوە و وێنای دەکەین، دەیخولقێنین، واتە کەســـێک دروســـت دەکەین، فێری ئەوە دەبین دانبەوەدا بنێین- کەســـێتییەکە- ســـەرەنجام هەرگیز ناکرێ تاک بێت، بەڵکو هەمیشە کۆیە، لە ناوەوە تەماشای گشت دەکات و هەرگیز ناتوانێ لێی دابڕێت... ئەو گۆڕانەی دەستەویەخەشی دەبێتەوە، بێگومان بەشێکە لە گۆڕانێکی گەورەتر کە گۆڕانی دەرەوەیە.




چیرۆک، وەکو وتمان واقیعێک ئاشـکرا دەکات، کە دەشـێ زۆربەمان ڕووکەشـانە ئاشـنایەتیمان لەگەڵدا هەبێت، بەڵام وردەکاریی و نهێنیی و نادیارییەکانیمان لێ هەڵەتە بێت، یاخود شـاراوە بێت و لە ڕێگای جەسـتەی دەقەوە پێمان بگات و پێی ئاشـنابین. ئەو واقیعەی ئاشـکرایش دەبێت لە لایەن دەقەوە فەزای بەرهەم پێکدەهێنێت، لێ قاڵبێکی

هونـەرییـانـە دەیگرێتـەخۆ، ئـەگینـا بـەهـایـەکی فیکریی و ئیسـتێتیکیی نابێت. لە لای (***سـەدرەدین عارف***)یشـدا، کە هەسـتێکی ڕاسـتەقینە گوزارە دەکات، واقیعێک پۆرترێتی فەزای تێکست دەکات. مەبەست واقیعی پێدراو نییە، بەڵکو واقیعی خوڵقـاوە کـە ئـەمیش لـە واقیعی ڕاسـتـەقینـەوە سـەرچاوە دەگرێت و دەتوانین بڵێین واقیعێکی شـیعریی نییـە خـەیـاڵ دروسـتی کردبێت، دنیـای دەرەکییـە کـە گێڕەرەوە وێنە سـەرەتاییەکانی خۆی لێوە دەقۆزێتەوە و بە فیلتەرێکی داهێنەرانەدا تێیاندەپەڕێنێت و دەیانکات بە دەقی هونەریی. دەقی هونەرییش لە فەزاکەیدا مانا قەتیس دەبێت، مـانـایش، وەکو ئـەوەی "هێرش Hertch"دەڵێت، تـا بیری لێناکرێت ئەگەر مەبەسـتی ئەوە نەبێت ئاماژە بە شتێک بدات، بۆیە مانا سەرلەبەر پابەندە بە ئاماژەکردن بە واقیع، واقیعێک تایبەتە بە سـەر زەمانێکی دیاریکراو- واتە کۆنتێکسـتێکی مێژوویی دیـاریکراوی هـەیـە- کـە لێرەدا واقیعی ڕابردوویەکە بۆتـە واقیعی هـەنووکـەیی دەق، یـانی دوو واقیع لە دەقدا بوونی هەیە، واقیعێکی ڕاسـتەوخۆ و یەکێکی ناڕاسـتەوخۆ، بە دەربڕینێکی تر ئەوەی خوێنەر پەیوەندییەکی بابەتییانەی لەگەڵدا هەیە و ئەوەیش کە


سەدردین عارف (١٩٤٠-٢٠٢٠)

خودییانە لەگەڵیدا دەرگیرە. فەزای دەقیش بێگومان بریتییە لەو شـــوێن و جێگایەی کردەی چیرۆکەکەی تێدا دێتەدی، یانی (شـــوێن+ کاراکتەر+ ڕووداو) ڕیتمی ڕێکوپێکی دەق بەرهەم دەهێنن. هەر تەنها ئەمەیش نییە، بەڵکو چەمکێکی زۆر لەمە بەربڵاوترە و ڕیتمی هاوســـەنگیی ڕووداوەکە و گۆشەنیگای پاڵەوانیش دەگرێتە خۆی. بۆیە "دکتۆر سەمیر ڕەوحیی فەیسەڵ" گوتەنی فەزا چەمکێکی گەلێک گشتگیرتر و شـــموولیی ترە لە چەمکی شـــوێن کە پێکهاتەیەکە لە پێکهاتەکانی چیرۆک. بۆ شـــەقڵ بەخشـــینیش بە فەزایەکی

کامڵ و بە وەرگر گەیشـــتوو دەبێ ئاســـتە بونیادییەکان-هــەر لــە ئــاســـــتی دەلالیی و زمــانــەوانیی و ڕیتمیی و ئیســـــتێتیکیی- لە گونجان و هاوڕێکییەکی ئەوتۆدا بن بۆ ئەوەی لە هەموو لایەکەوە دەقێکی سـەرکەوتوو بڕسـکێت. بێگومان لەم دەقە سەرکەوتووەیشدا دەلالە بونیاد دەنرێت، دەلالەیش یانی مەبەســت، مەبەســتی دەقیش یانی جیهانی دەق، دەقی بێ مەبەســتیش دیارە بوونی نییە، یانی دەق و جیهان هەمیشــــە لە پەیوەندییدان و بێ یەک هەڵناکەن و بوونیان نییە. بەڵام ئایا مەبەســت لە شــتێکی دیاریکراوی ســــنووردراردا، وەکوو پێشـــتر ئاماژەی پێدرا، قەتیس و ئاوقە؟ یان لە شــتێکی دیارینەکراوی ســنووردراردا ڕەها و بـەرهـەڵدایـە؟ یانی مـانـا، داخۆ لـە فۆرمێکی خۆجێییدایـە، یاخود لە فۆرمێکی گەردوونییدایە؟ یانی گوزارشـــت لە دنیابینیی و دیدێکی ڕووکەش دەکات، یا یەکێکی قووڵ و گەردوونیی و گشـــتگر؟ هەندێ لە ڕەخنەگرەکان دەڵێن: مانای دەقێکی ئەدەبی زۆر بە ســــادەیی لەناو تێکســـتدا مەڵاسـە و چاوەڕوانی خوێنەرە بێت و ناسنامەکەی دیاری بکات. بێگومان ئەمە خاڵی نییە لە ڕاســـتیی، چونکە غیابی مـانـا، وەکوو ئـەوەی "**جۆرج لۆکاش**" دەڵێ، ئـەدەب کورت

دەکاتەوە بۆ وەسـفێکی ئاسـاییانەی سـرووشـتیی. بەڵام وێڕای ئەوەیش بێ چەندوچوون لەگەڵ ئەو ڕایەدا نابین و دەڵێین زەحمەتە مانا تەنها لە چوارچێوەی دەقدا قەتیس بکرێت، چونکە هەموو دەقێک ئاماژەگەلێکی فرەی تێدایە بەرەو دەرەوەی خۆی... کە زۆرجار بەبێ تێفکرین لەو ئاماژانە مانا لەنگ دەبێت و دەق هەڵگری کەماڵێکی مانایی نابێت. دیارە دەق بەبێ دەرەوەی خۆی بێبەریی دەبێ لە هاوسـەنگیی، هاوسـەنگییش دەتوانین بڵێین بۆ تێکسـت کەماڵ دەسـتەبەر دەکات و بابەتانەبوونیش بە خوێندنەوە دەبەخشـێت. بۆیە لێرەوە دەبێ، یان پەنا بەرینە بەر ئەو خوێندنەوە دینامیکییانەیەی خوێنەر لە ڕێگایەوە دەتوانێ خۆی ئەو کردەیەی ناو دەق بخوڵقێنێ کە تەمومژ دەورەی داوە، هەروەکو ئەوەی "***ئیلیزابێس دیپڵ***" باسـی لێوە کردووە، یان بۆ گریمانەکانمان هەنگاو بنێین، لەبەر ئەوەی ئێمە لە سەردەمێکی تەواو جیاوازدا کردەی خوێندنەوە بۆ دەقگەلێک ئەنجام دەدەین کە بۆ سەردەمێکی تر نووسراون و کۆدەکانیان دەشـێ لەکرانەوە نەیەن، بەڵام بە پشـت بەسـتن بەو گریمانانە دەکرێ دەرووییەکمان لێبکرێتەوە و لە بنبەستەکانیان دەربازبین. یانی شتەکان لەبەر ئەوەی لە

یادەوەریی دەقەکەدان، واتە دەقەکە لە دەرەوەی ڕوودانی شـــتەکان نووســـراوە و لەناویدا ڕوونادەن، یاخود تەنها ســـێبەریان لەناو دەقدایە و خۆیان لە دەرەوەیدان، با بە جۆرێکی دیکە ئەمە بڵێین، ڕووداوی بە ئاشـــکرا نین و پەردەپۆشـــن، واتە ڕوودەدەن، بەڵام لە شـــوێنێکی تر نەک لەناو دەقدا. گێڕانەوەیش ڕووکەش ڕەوتی خۆی دەگرێت و زانیارییەکی زۆر بە ژێر لێوەوە دەکات و دەیشـــارێتەوە. ئا لەم جۆرە دەقانەدا خوێنەر پێویســـتە زۆرترین گریمانە بۆ نـەوتراوەکـان، یـان شـــتـەکـانی دەرەوەی دەق بکـات، ئەمەیش کارێکی وادەکات درزێک لەناو دەقدا دروســـت بێت، درزێک، پێویســـتی بە پڕکردنەوە هەیە، ئەمەیش گریمانە فەرز دەکات و کارێک دەکات خوێنەر لە بەخشینی کەماڵ بە دەق بەشـــدار بێت. چونکە دەق پێویســـتی بە هاوسەنگیی هەیە و هاوسەنگییش لەم جۆرە بارودۆخانەدا تەنها خوێنەر دەتوانێ بە تێکســـتی ببەخشـــێت. لێرەیشـــدا ڕەنگە لە بۆچوونی "***وولفگانگ ئایزەر***"ەوە نزیک بین کە پێی وایە **تێکســـت هەندێ کەلێن، یاخود بۆشـــایی بەرهەم دەهێنێت کە خوێنەر دەبێ هەوڵی پڕکردنەوەیان بدات.** ئەمەیش وادەکات هەوڵ بدرێت مانای نەوتراو لێکبدرێتەوە.

بۆیە خوێندنەوە زۆرجار دەق دەکاتە شوێنێک و بە ئاراستەی دەرەوە ڕێنمایی خوێنەر دەکات بە مەبەستی پڕکردنەوەی کەلێن و بۆشاییەکان و دۆزینەوەی نەوتراوەکان.

ئەگەر ئەدەبیش جۆرێک بێت لە مەعریفە لەبەر ئەوەی واقیع بەرجەستە دەکات، ئەوا "دەیمییەن گرانت" گوتەنی، ڕوانینە واقیع وەکوو ئەو شتە وایە کە گەیشتن پێی پێویستە، دیارە گەیشتن پێیشی پرۆسەیەکی بەردەوامە، چونکە لە ڕاستیدا واقیع بەردەوام لە گۆڕاندایە و هەرگیز لە شەقڵێکی دیاریکراودا جێگیر نابێت و چەمک و ماناکەشی بە هەمان شێوە یەک شەقڵ و یەک قاڵب ناگرنە خۆیان. یانی سیفەت و خەسڵەتێکی خودیی هەیە و ئەمەیش سرووشتێکی دیارینەکراوی پێدەبەخشێ. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئەگەر واقیع هەمیشە لە گۆڕاندا بێت، ئایا لە لای (***سەدرەدین عارف***) دەگۆڕێت، یاخود جێگیرە و دەبێ هەتاهەتایە تێیدا قەتیس بین؟ لە ڕاستیدا ئەگەر تەماشای کۆتایی دەقەکانی بکەین، ئومێدی گۆڕانیان لێ هەڵدەکرێنین، بۆ نموونە لە (**کوێرەوەرییەکی ژیان**)دا دەڵێت: "هەموو شتێکم پێئەکرێ و چی ئەبێ، با ببێ"، یان

لە (**ڕازێک**)دا، ئەگەرچی ئاماژەیەکی وانییە، بەڵام تێکســـت بە ڕووی گۆڕاندا کراوەیە... (**تاکەی ئەمشـــەوە**)یش بە هەمان شـێوە پرسـیارێکە سـەرەنجام یەخەی گۆڕانکاری دەگرێت... لە(**ڕێبوار و ڕێگە**)شـــدا دەڵێت: "وادیارە ئەبێ لە ســـەرەتاوە دەســـت پێبکەینەوە!" وێڕای ئەوەی دەســـت پێکردنـەوەشـــی تێـدایـە، کـەچی بـە لـەبـەرچـاو گرتنی چەمکەکەی "هیراکلیتس" و ئەو باوەڕەی "نۆرسرۆپ فرای" کـە دەڵێـت گۆڕان بـەردەوامـە، ئـەوا هـەموو شـــتێک لـە گۆڕاندایە و جارێکی تریش سەرەتا هەرگیز هەمان سەرەتا نییە. لە (**سێگۆشەی باسێکی کۆن**)یشدا دەڵێ: "کاغەزەکەم تووڕ هەڵدایە ناو جۆگەلەیەکی ئاوەوە و یەکســـەر کەوتمە گەڕ بۆ دۆزینەوەیان..."، ئەمانە هێمان بۆ دۆخگۆڕینەکانی واقیع، وەلێ ئایا یەک واقیع بوونی هەیە، یان چەندین واقیع لـەئـارادایـە؟ بێگومـان (ســـەدرەدین عـارف) بێئـەوەی ڕاســـتەوخۆ قســـە لەســـەر بوونی واقیعی هەمەجۆر بکات دەقەکانی دەکاتە گۆڕەپانی ســـەلماندنی ئەم ڕاســـتییە بـەڵگـەنـەویســـتـە و، بـە چـەنـدین شـــێوە لـە ڕووبـەری تێکســـتەکانیدا ڕووبەڕووی واقیع دەبینەوە، دەمێک واقیع واقیعێکی هەسـتەکیی مندااڵنەیە وەک لە (باڵی شـەوگار)دا،

دەمێک واقیعێکی فیکریی پێگەیشـــتووە وەک لە (ڕازێک)دا، کە بونیادێکی تۆکمەی هەیە، دەمێکیش واقیعێکی خەیاڵییە وەک لە (گەشـــتێک)دا، کە فۆرمێکی دەرەکیی یەکگرتوو شک نابات، جگە لەمانە واقیعی شوێن و کات و ڕابردوو و ئێستایش تێدەپەڕێنێ بۆ ئەوەی بگاتە قووڵاییەکانی واقیعی ناوەوە، واقیعی خود.

**کاری ئەدەبیی، بەپێی "میشێل بوتۆر"، دەبێ ئاوێنەی دۆخە مرۆییەکەمان بێت و خۆمانی تێدا ببینینەوە**، یان مەرجی ســــەرەکیی بایەخداربوونەکەی دەبێ ئەوەبێ کە خۆمانی تێدا بدۆزینەوە، کارفەرماکەشی هۆش و ئاگاییمان بەرانبەر بـە شـــتـەکـان بۆ بگێڕێتـەوە، وەکوو ئـەوەی "حـەمید ئەلڕوبەیعی" بۆی چووە، چونکە ســــەرەنجام درککردن و بـەئـاگـابوونمـان- دیـارە لـە شـــتـەکـان- خۆی لـە خۆیدا ئـامـانجێکی ئیســـتێتیکییـە. بۆیـە دەتوانێ بیروبـاوەڕ و تێفکرینمان بشـڵەقێنێ و بمانهەژێنێت و، مەودای ئەزموونە مرۆییـەکـانمـان پـانوبـەرینتر و بـەرفراوانتر بکـات و فێری ئـەوەمـان بکـات چۆن کـەڵک لـە ئـەقڵ و خـەیـاڵ وەربگرین، هـەروەکو ئەوەی "کۆڵن ویڵسـن" ئاماژەی پێداوە. ئەوەتا لە دەقی (**کوێرەوەرییەکی ژیان**) بێجگـە لـە خـەیـاڵ... واقیع و

هەموو شـتەكانی ناویشـی- بە مرۆڤیشـەوە- بەشـدارن لە داهێنانی. هەر لە سـەرەتاوە هەسـت بەوە دەكرێت لە مەبەسـتێک پتر هەڵناگرێت، یەک لێکدانەوە زیاتر نادات بە دەسـتـەوە، چونکـە ڕەمز جێگـای مـانـا دەگرێتـەوە و ڕەمزەكانیش گەردوونیی نین و تەنها پابەندی یەک شـوێن و سـەردەمن- دیارە لای ئێمە شـوێن هەمان شـوێنە و سـەردەمیش دەكشـێ- بۆیە خاوەنی هێزێكی ئەوتۆیە دەكـرێ بـوتـرێ دەتـوانـێ هـزرێـكـی زۆر بـدوێـنـێ. بیرکردنەوەكانی (سـەدرەدین عارف)یش هێزی خۆیان لە واقیعەكەوە وەردەگرن، واقیعی ئەو شـوێنەی سـەردەمەكە ڕەنگڕێژ دەكـات، لـە ڕاسـتیشـدا بیرکردنـەوەی ئێرە ئەبستراكت نییە و ئاوێتەی شـیعرییەتێکی تەڕوبڕیش نییە، ڕاستە ئەو سازشی لەسەر زمانی شیعریی کردووە، وەلێ دیارە دەق لە وزەی شـیعریی سـەرئاسـا خاڵی نییە و هەسـت دەكەین ڕووبەڕووی زمانێکی ترین، مەبەسـتم زمانێکە لەو زمانانەی "***جوولیا کریستیڤا***" دەڵێت شـوێنە بۆ ململانێ... زمـانێـک وێنـەیـەکی تـەواوی ئـەو پـەیوەنـدییـە گەنگەشـەئامێزەیە لەنێوان ئێمە خۆمان و جیهاندا، وەکو ئەوەی "**میرلۆپۆنتی**" ئاماژەی پێداوە. یانی دنیای بابەت بە

خود و دنیای خودیش بە بابەت دەگەیەنێ و، دەزانێ زمانی گێڕانەوە لە ڕاستیدا گۆڕەپانێکە بۆ ڕوودانی ڕووداوەکان، بە تایبەتی ڕووداوە هەستەکییەکان و گۆڕەپانی ئەوە نییە وشەئارایی و ڕازاندنەوە و ڕەوانبێژیی تێدا بێت و شتە سەرەکییەکە کە ململانێ و ڕووداوە لەناویدا کاڵ بووبێتەوە، یاخود هەر دیاریش نەبێت، وەکوو ئەوەی لە بەرهەمی ئەدەبیی زۆرێک لە چیرۆکنووساندا دەردەکەوێت.

لەم چیرۆکە و تا ڕادەیەک لەوانی تریشدا تەکنیکی جیاواز دەهێنێتە ڕووبەری دەقەوە، ئەمە چی دەگەیەنێ، یانی خستنە قاڵبی هونەرییانەی بابەتێک، یاخود بەخشینی فۆرمێکی دانسقە و جودا پێی، ئەویش بە بەکاربردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم چەمکە لە کاری ئەدەبیدا. لێرەدا گۆشەنیگای کەسی یەکەمی تاک لە ڕێگای مۆنۆلۆگ و فلاشباک و مۆنتاجی کات و شوێن و مۆنتاج و گرتەی سینەمایی گێڕانەوە دەخاتەگەڕ. سەرەتا جێگۆڕکێی لەگەڵ کۆتاییدا کردووە و بەشێکیشە لە پلۆتی دەقەکە- پلۆتیش یانی چنین، کە بە وتەیەکی سادە چنینی وردەکارییەکانی ئەو دیمەنە پانۆڕامییەیە کە دەقەکەی لێ پێکدێت و

ئەرستۆیش بە ڕۆحی هونەری چیرۆک لە قەڵەمی داوە و دەڵێ ڕێکخستنی هەموو شتێکە (لەو چوارچێوەیەدا) بە شێوەیەکی گونجاو- کە بونیادێکی سادە پێکی دەهێنێت و سیماکانی بەرجەستە دەکات، دەرەوەی شتەکان بەدیار دەخات، واتە لە دەرەوەڕا گێڕانەوە بۆ شتەکان دەکات- دیارە بە نیازی بەرجەستەکردنی واقیعەکە- لە دەرەوە وێنەی کاراکتەرمان بۆ دەگرێت و هەڵوێستی ناوەوە، یانی فیکر و هەست و نەست کاڵە و بیرکردنەوەی پڕ بە پێستی ئەزموونەکەی خۆیەتی. دنیایەک لە ئاوەزیدایە، بەڵام ئەو دنیایە نییە کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، چاوەڕوانییەکانی دەشێوێنێ و ئیدی کۆتاییەکەی دەبێتە سەرەتای نەخشەکێشانی دنیایەکی تر، چونکە خودی ئەم کاراکتەرە، وەکو ئەوەی "**جاک لاکان**" بۆی دەچێت، بوونێکی نوێ پێکدەهێنێت، لەبەر ئەوەی هۆشێکی تازە پەیدا دەکات. ئەوەی لەم چیرۆکەیشدا گرنگە بەرجەستەکردنی ئەوەیە کە مرۆڤ گیرۆدەی خەم و کەسەر و نیگەرانییە پێداگرەکانی دنیا و شوێنێکی دیاریکراوە و هەر شتێکی بەسەر بێت، تەنیایە و هاوسۆزی نییە، یان وەکو ئەوەی "**ویلیەم هازلیت**" دەڵێت، جگە لە خۆی و گەردوون هیچ

شـــتێکی تر نابینێت، بۆیە دەکرێ بوترێ ئەم دەقە بەدوای هـاوســــۆزییدا دەگەڕێت، لـەوانـەیە تاقە مـەبـەســـــتی بێ چەندوچوون دەسـتەبەرکردنی هاوسـۆزیی بێت تا هەسـت بەو تـەنیاییە یەکجارەکییە نەکات... (هـەر چییـەک ئـەهـات شـــــانێکی لێئەدام...پاڵێکی توندی پێوە نام...) ئەم تاک و تەنیاییە تا نزیکی کۆتایی چیرۆکەکە درێژەی هەیە و کەس هەست بە کۆستەکەی و کوێرەوەرییەکەی ناکات و ئێشی نادەنێ و شـــــانی لێدەدەن و پاڵی پێوە دەنێن، تـەنانـەت حەماڵێکیش کە دیمەنی دەسـتپێک بەرجەسـتە دەکات، تێی دەخوڕێـت. کـەچی پێـدراوی نزیـک کۆتـاییـیـەکـە ئـەوە ڕادەگـەیـەنێ کـە (هـەر ئێمـە نین... خـەڵکێکی زۆری کـە لـە هەموو لایەک دووچاری کوێرەوەریی بووە....) پرسـیارەکە ئەوەیە بۆ ئەم هەســـت و درککردنە هەر لە ســـــەرەتاوە پەیگیر نییە؟ تەنها لەبەر گرتنی "نەژاد" ئەم هەست و درکە دێتەئاراوە بەبێ ئەوەی پاســـاو بۆ ئەم گرتنە هەبێت، یان کـاراکتـەر بیری لێبکـاتـەوە و بپرســــێ بۆ گیراوە- وەکو ئەوەی کەشێکی کافکاییشمان بەرچاو بخات و پێمان بڵێت هەموو کەســـێک دەشــــێ دووچاری هەمان قەدەر بێت، چونکـە، هـەروەکو ئـەوەی کـافکـا لـە نـامـەیـەکیدا دەڵێت،

مرۆڤ، کە لە نووسیندا ئیلهامبەخشی نووسەرە، لەم سەروبەندەدا بێ سیمایە و دەکرێ بوترێ ئەم ئەتمۆسفیرە، ئەگەرچیش دەڵێین کافکایی، بەڵام ئافەریدەی خودی (سەدرەدین عارف) خۆیەتی، کە دیارە لەگەڵ بارودۆخەکەی ئەو سەردەمەدا گونجاندوویەتی- و هەموو شتێکیش بزانیت، ئایا شتێکی هاوبەش لەنێوان ئەوەی بەسەر ئەو و کوڕەکانیدا هاتووە لەگەڵ ئەم گرتنەدا هەیە یان نا؟ پرسیارێکی تر ئەوەیە لە ڕاستیدا ئەم کاراکتەرە کێیە؟ کە حەماڵێک تێی دەخوڕێت و کەس فەرمایشتێکی پێ ڕەوا نابینێ لەبەر پەککەوتەیی و خاوەن ئۆتۆمبێلێکیش لێی توورە دەبێ... تاد و بەر پێی خۆی نابینێ، کەچی کتوپڕ دەبێتە پاڵەوانێک و دەڵێ: هەموو شتێکم پێ دەکرێ... کە نازانین ئەو هەموو شتە چییە کە پێی دەکرێ؟!

کە دێینە سەر قفڵی دەقەکەیش، ئەوا هەست دەکەین لەگەڵ ناوەڕۆکی مەتنەکەدا پاڕادۆکس دێنێتە کایەوە، پیاوێک (پیر و پەککەوتە کەس ئیشی ناداتێ) کوڕێکی کوژراوە و کورێکی گیراوە، پیرێژنێک و دوو، یان سێ کچی هەیە و خێزان و منداڵەکانی کوڕە گیراوەکەشی لە ئەستۆدایە و

کەچی دەڵێت: (هەموو شـــتێکم پێ ئەکرێ و چی ئەبێ، با ببێ)! ئەم گوزارشــتە زۆر ناڕوونە، یانی دەمەوێ بپرســم چی دەکـات؟ خـەیـاڵی لـەکـاردا نییـە وەکو دەردەکـەوێ و خـەیـاڵیش، بـە گوتـەی "**حـەمید ئـەلڕوبـەیعی**"، توانـای خولقاندنی ئـەڵتـەرنـەتیڤی هـەیە، تاقـە ئومێدێکی هـەبوو- نەژاد- ئەویش نەما، ئیدی ڕوو لە کوێ دەکات، یان ڕوو لە چی دەکات؟ یاخود چی دەکاتە ئومێدێکی دیکە؟ کە ئەو لەبەر هیچ بەدەســـتەوە نەمان و بێچارەبوون ســـەری لە دێیەکەی هەڵگرتووە و ئەوەیش دۆخەکەیەتی لە شـــار.. .سەرکۆنەی دۆخەکە دەکات، یان چی؟!...

سەرباری ئەم قسانە و وێڕای بەکارهێنانی تەکنیکی تازەی نووســـینیش، کەچی (ســـەدرەدین عارف) لە دابونەریتی ترادیســـیۆنیی ئــەوەنــدە لای نــەداوە و گوزارە لــە خۆشــباوەڕیی و ســەرپێییانە تێڕوانینی کاراکتەری ئێمە و هەست لە هەڵچوونەوە ڕسکاو دەکات و سەبارەت بەوەی چی لەناو تێفکرین و هەســـتەکانی کاراکتەرێکی دیاریکراو دەگوزەرێت زانیاریمان پێشـــکەش ناکات، کە زانیاریش نەبەخشێت وەکوو ئەوە وایە هەقیقەت بشارێتەوە، ئەمەیش لە گۆشـــەنیگای "ئەفلاتوون"دا ســـەرەنجامی باشـــی

لێناکەوێتەوە- بێگومان بۆ نووسـەر- و کۆماربەدەر دەکرێت. گێڕەرەوەیش کە کەسـی یەکەمی تاکە لێرەدا، ڕوانینی لە ناوەوەیە، خۆی بەسـەرهاتەکە دەگێڕێتەوە، ئەم تەکنیکەیش لەبەر ئەوەی ڕوانین نییە لە سـەرەوە، یانی گشـتگیر نییە بۆیە پاڵەوان خاوەنی هەموو زانیارییەکان نییە و زۆر شـت بەبێ ئاشـکراکردن ماوەتەوە، یانی بەشێکی گرنگی واقیعەکە پەردەپۆشە و هەموو شتێک بە وەرگر ناگات و دەق دەیانشارێتەوە و پەردەیان بەسەردا دەدات.

لە چیرۆکی (**ڕازیک**)یشـدا، دەسـتبەرداری گێڕانەوەی ئاسایی و باو بووە و لە هەمان گۆشەنیگاکەی پێشووەوە و بە بەکارهێنانی مۆنۆلۆگ- کە لێرەدا لایەنە زیرەکانە و ئەقڵانییەکەی شەپۆلی هۆشە دەربڕینێکی ناوەکییانەی ورد بۆ ئەزموونی کاراکتەر دەکات، چونکە کردەی ناو چیرۆک لە واقیعەوە بۆ ناو ڕۆح دەگوازێتەوە- و جگە لەوەیش فلاشـباک و جێگۆڕکێی کات و شـوێن ڕاسـتەوخۆ دەگێڕدرێتەوە و زمانیش دوور لە تەمومژی شـیعریی هەوڵی گەیاندنی مانا و مەبەست دەدات، چونکە گوزارە لە خودێکی ئاخێوەر دەکات و هاوبەشـییەک لە نێوانی

ئاخێوەر و وەرگردا دەهێنێتەدی، یانی تێگەیشتنی هاوبەش دەخەملێنێ و بەو شێوەیەیش تێگەیشتن لەخۆ دەگرێت. مەبەست ئەوەیە هەوڵی داوە بەلای خولقاندنی مانادا بڕوات و سازش لەسەر ئەو شێوە زمانە بکات کە جوانییەکی دەرەکیی دەگرێتەخۆ و کەمتر بە جوانییە جەوهەرییەکە ئاووسە کە جوانیی ناوەکییە، واتە مانا... لێرەیشدا دیسان پیاوێکی بەساڵداچوو بەدوای هاوسۆزییدا دەگەڕێت، بەڵام لە کوێ پەیدای دەکات؟ دیمەنی گوند تالان و وێران کران لێرەیشدا دووبارە دەبێتەوە، ڕەز و باخ و بێستان و ماڵ دەسووتێنرێ، ناچار جێی دەهێڵێ و بەرەو شار بارگە تێکدەنێت، بێگومان لەگەڵ "قالە"ی کوڕیدا، چونکە هیچ ئەڵتەرنەتیڤێکی تریان نییە و ناتوانن ئاڕاستەکەیان بگۆڕن و بەرەو ژوور بچن... ئیتر (لەو ڕۆژەوە) کە نازانین چەند بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕیووە، عەودالی دوای زەردەخەنەیە و لەڕووی کەسدا بەدی ناکات، وەک بڵێی هەموو خەڵک، یان هاوبەشی خەمی ئەم بن، یاخود هەمان چەرمەسەریی و نەگبەتیی بەرۆکی گرتبن. تا ئەو کاتەی کابرای ئەفەندی ناو ئۆتۆمبێلەکە کەرەم دەکات و ئەو زەردەخەنەیەی بەڕوودا دەدات. لەو

ڕۆژەوە، کەس وردەکاریی ئەو ڕۆژە نازانێ. دیارە زەردەخەنەیەک دەبێتە ورووژێنەری فلاشباک و ڕۆژانی ڕابردووی دەهێنێتەوە یاد و دەرگای ئاخاوتنی بۆ دەخاتە سەر گازەرای پشت. بەو ئومێدەی دایەلۆگێک بێت، کەچی دوایی دەردەکەوێت ئەم هەر خۆی دەدوێنێ و ئەوی دیش بۆ ئەم لەو زەردەخەنەیە زیاتری پێ نییە. وێناچێ بوونی ئەم بە هەند وەرنەگرێ، یان وەکو ئەوەی خۆی پاساو بۆ وەڵام نەدانەوەی کابرا دەهێنێتەوە و دەڵێت: (هەقی بوو، منیش بوومایە دەنگم نەئەکرد)، بە گوزارەیەکی تر بەربەستێک لەئارادایە و هاوسەنگییەک لەو نێوانەدا دروست ناکات. پاسیڤێتیی ئەم کاراکتەرەیش لەوەدا دەردەکەوێت کە تەنها بە گێڕانەوەی ڕاز و دەردەدڵەکانی دەیەوێ چارەڕەشیی و خەموخەفەتی دڵی فەرامۆش بکات و بیری لای ئەڵتەرنەتیڤ نییە، یانی بەڕاستیی بیر ناکاتەوە، بیرکردنەوە لەلایدا بوونی نییە... تەنها ڕووخۆشییەک کە ڕەنگیشە لە دەمامکێکەوە بێت، هانی قسەکردنی دەدا و سەرومڕ دەبێت. بەڵام بەبێ ئەوەی بایەخێک بە وەڵام بدات، یان چاوەڕوانی بێت، دیارە ئەمەیش ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەم کاراکتەرە چەند بەلایەوە

گرنگە گوێی لە دەنگی خۆی بێت و بیر لە دەنگی ئەوی دی نەکاتەوە، یان لە ڕاستیدا پێویستی بە دەنگی ئەوی دی نەبێت، بەڵکو تەنها دەرۆزەی هاوســـۆزییەکەی بکات و هیچی تر.

ئەم چیرۆکە، کە بە شـــێوەیەکی واقیعییانەی بەجێ وێنای کراوە، ئەویش بەوەی زیادەڕۆیی ئەوەی تێدا نییە هەموو تاکەکان لە تای یەک تەرازوودا دابنێت، ڕەنگە لەبەر ئەوەبێ ئەو شـــوێنەی تێیدایە تەنها خۆی لەوانی تر جیاوازە. نووســـەریش کە درک بەوە دەکات خوێنەر بەرهەمهێنی کۆتایی دەقە، بۆیە لێرەدا ئەگەرچیش ئەفەندییەک دەدوێنێ، کە دەشێ نمایندەی دەسەڵاتێک بێت، سەرەنجام نایەوێ ئەم زمانەی ئەم فێر بێت، یان تێیبگات، یان هەر لە بنەڕەتەوە نایەوێ بیزانێت، بۆ ئەوەی دایەلۆگێک بەرقەرار نەبێت، چونکە (ئەوی دی) ئەم بە هاوکووفی خۆی نازانێت تا دایەلۆگی لەگەڵدا بکات، یان خۆی لەو بە بێهێزتر نازانێ تا ئەو چەمکی دایەلۆگە بێتەدی و پێویســـتی بەو گفتوگۆیە هەبێت. بۆیە ئەوی دی دنیایەکی داخراوە بەرامبەر بەم و تەنها ڕێککەوت لە شـــوێنێکی وەکوو ناو ئۆتۆمبێلێکدا کۆی کردوونەتەوە،

لەبەر ئەوە ناشــێ ئاشــنایەتییەک لەو ناوبەینەدا ڕووبدات، بۆیە گفتوگۆکە یەکلایەنەیە، واتە بیزەنتییانەیە و ناگاتە ئەنجامێک، ئەمەیش مانایەکی تری پێدەبەخشـــێت، ئەو چەمکەی هەمیشـــە دەڵێن (یان لۆجیک وادەڵێ) کە میکانیزمەکانی دی و بژاردەکانی دی بەجێترە بۆ گەیشـتن بە چارەســـەری بەدحاڵیبوون. کەچی لێرەدا وەکو دوو جەمسەری هاوشێوەی موگناتیسیی لێک دوور دەکەونەوە، بۆیە بە گوتن دەسـەپێنرێ بەسـەرتدا و بە کردەوە دەبێ ڕەتی بدەیتەوە، یانی بە کردار پێویســتە بژاردەیەکی دیکە هەڵبژێریت و بەدوای میکانیزمی تری چارەســـەردا بگەڕێیت. بۆیە پرسەکەی ئەم کورت دەبێتەوە بۆ دەردەدڵ دەربڕین و پاشـــان وازهێنان لەو دەردەدڵە، ئینجا بەدوای بەزەییدا نەگەڕێ، بە تایبەتی بەزەیی ئەو (ئەوی ترەی) نایەوێ بەرانبەر بەم بکرێتەوە، چونکە کرانەوەی سەرەنجامی نیگەتیڤی بۆی دەبێت. ئێمەیش دەبێ بە زمانی خۆمان هەوڵی نزیکبوونەوە لەو لەوی ترە بدەین، لە بری ئەوەی گۆڕانکاریی لە خۆماندا بەدی بهێنین و هەر بە زمانی خۆی وای لێبکەین لێمان ڕامێنێت و تەنانەت وای دنە بدەین ئاتاج و حەوەجەی پێمان بێت، بۆش و بەتاڵ

نەمانبینیٚ و وەکو داهێنەر تەماشـــامان بکات. لە ڕاســـتیدا ئەم دەقە نەوتراوی زۆری تێدایە و کلیلی زۆر شـتیشـمان پێدەبەخشـــیٚ و هەر تەنها ئاماژەکردنیش نییە بە بەدحاڵیبوون لەنێوان دوو کەســـی جیاواز، بەڵکو هێندەی ڕەخنەیە لەوی دی، ڕەخنەیە لە خودی خۆیش، ڕەخنەیە لەو واقیعەی تا ڕادەیەک بە دەســـتی خۆ و بە زەبری بارودۆخێکی نەویســـتراو ســـەپێنراوە. ئەو پاشـــخانەی بونیادی فیکریی دەقەکە لێوەی تێهەڵدەچێت دەلالەیەکی ڕەگەزپەرستانە پەروەردە ناکات، بەڵکو بەخۆداچوونەوەیە، گەڕانە بەدوای میکانیزمی جیاواز بۆ بەرقەرارکردنی گفتوگۆیەکی یارمەتیدەر بۆ لێک تێگەیشـتن و ســـەرەنجام چارەســـەرکردنی کێشـــە و گیروگرفتە هەڵپەســـێردراوە مێژووییەکانی میان ئەمی گۆکەر و ئەوی دی پاســـیڤ (بێگومان لە ئێســـتای چیرۆکەکەدا) و نە نوێنەری هیچ حەماســـێک بۆ بەتەنگەوە هاتن، تاکو پێکەوە ژیانێکی ئاساییانەیان لەبەیندا بێتەئارا.

دیارە ئەم دەقەیش دیســـانەوە خاڵی نییە لە پاڕادۆکس، ئەوەتا لە شوێنێکدا دەڵێت: (پێنج شەش ساڵێک لەمەوپێش منداڵەکانم بەقیژە و هاوار و بە پێکەنینەوە پێشـــوازییان

ئەکردم...) کەچی لە ئێســـتای چیرۆکەکەدا پیرە، وەکو لەو گوزارەیەدا پەی پێدەبرێت کە دەڵێ: (ئەگەر نەگبەتیی و چارەڕەشـیی نەبێ، کابرایەکی پیری ڕیشـسـپیی وەکو من چی ئەکا لە بەغدا؟)، بیگومان ئەم دوو بڕگەیە یەکنایەنەوە. هەروەها لە شـــوێنێکی تردا دەڵێت: (کێ بە کێیە؟ بە خودا دنیا وای لێهاتووە، ئەگەر یەکێ ماڵی دراوسێیەکی سووتا، ئـەڵێ: ئۆخـەی ئـاگرەکـەی لـە من دوورە!) ئـەمـەیش پێچەوانەی پێدراوی دەقەکەی پێشـــووە، لێرە تەنهایە، هەر خۆیـەتی و کـەس وەکو ئـەم نییـە و خـەڵکی دووچـاری کوێرەوەرییـەکـەی ئـەم نین( وەکو ئـەو زیـادەڕەوییـەی خســـتوویـەتییـە ســـەر دەقـەکـەی پێشـــووی- دەقی کوێرەوەرییـەکی ژیـان- کـە تـەواوی خـەڵکی لـەتـای تـەرازوویـەک دانـاوە). لـە کۆتـایی چیرۆکـەکـەیشـــدا ئـایرۆنییـەکی هێنـاوەتـە ئـاراوە، وادەکـات خوێنـەر لـەوە تێبفکرێت کە چارەسـەر زۆر سـانایە، مادامەکێ ئەوی دی فێری زمـانـەکـەمـان نـابێت، بـا ئێمـە ئـەو ئـەرکـە بگرینـە ئەســـتۆی خۆمان و لەو زیاتر تێبگەین، دیارە لە ڕێگای زانینی زمـانـەکـەیـەوە- کـە بێگومـان زانین مـەعریفـەیـە و مەعریفەیش هێزە. بەڵام لە ڕاسـتیدا چارەسـەر تەنها زمان

نییە، زمانی دەردەدڵکردن- بێگومان- بەڵکو زمانێکە ڕێگە ڕاستەقینەکانی گفتوگۆ بدۆزێتەوە و بیسەپێنێت، مەبەست گفتوگۆی پارسەنگە، کە قسەکەر و گوێگر، گوێگر و قسەکەری تێدا بێت و هەموو پاشخانی ئەو کێشەبەندییە بگرێتە بەرچاو کە ناهێڵێ ئەم و ئەوی دی لە سێبەریدا خودناسینیان بەرجەستەتر بێت و لە خاڵێکدا بگەنە یەک و وەکو دوو هاوسان مامەڵەی یەکتر بکەن.

کاراکتەریش، کە تابلێی دوورە لەوەی خەیاڵ ڕسکاندبێتی، ئەو بنبەستەی ڕووبەڕووی بۆتەوە داوای پەیوەندییەکی جیاواز دەکات، جیا لە گفتوگۆ، بەڵام بێجگە لە گفتوگۆ چی بوونی هەیە؟ ئەوەی بوونیشی هەیە هەڵگری کۆمەڵێک سەرەنجامی جیاوازە، بۆیە بەدوای ئاسۆی تردا دەگەڕێت، بەڵام بە تەنیا نایدۆزێتەوە، ئیدی ئەو دنیایەی تیایدا دەژی پێویستی بە بونیادنانەوەیەکی تر دەبێ، تاکو گفتوگۆ لەگەڵ ئەوی دیدا بەرقەرار بکرێت، یانی شیاوی بەرقەرارکردن بێت. بەڵام ئەوەندە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی مەسەلەیەکی جەوهەریی کە ناڕوونە و جگە لەوەیش ئەوەندە لەژێر کارکردی سەروبەند و بارودۆخەکەدایە ڕەنگ و ڕووی خۆی تۆختر دەکاتەوە، لێ ئەمە بە

ســـــەردەمەکانی تر نامۆی دەکات، ئەگەرچی گرنگ ئەوەیە لەم ڕووبەرەدا ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ ئەوی دیدا هەیە گۆڕانکاریی بەســـــەردا دێت، چونکە پاڵەوان لە ناوەوە گۆڕانکاریی بەســـەردا دێت... بەڵگەنەویســتیشــە ئەگەر بە شێوەیەکی قووڵ لەم دەقە ڕابمێنین، ئەوا پەی بەوە دەبەین کە ڕامانێکی ناوەکییانەی خود نییە، بەڵکو ڕامانێکی جیاوازە لە دنیا و لە پەیوەندی لەگەڵ واقیعدا و بابەتێکی گرنگ دەخاتەڕوو، ئەویش نەبوونی دایەلۆگە، نەبوونی دایەلۆگیش کێشە و لێک حاڵینەبوونەکان بنبڕ ناکات، بەڵکو چەرمەســـــەریی و کلۆڵییەکان کەڵەکەتر دەکات و دەبێتە هۆی هاتنەکایەی پەرچەکرداری جیددیی. ئەوی دیش کە بە ڕســـــتەی لێکدابڕاوی (کوردی....ما أعرف) کۆتایی بە هەموو شتێک دەهێنێ، لە ڕاستیدا دەروازەی کێشەکان بە تەواوی بەسەر خۆیدا ئاوەڵا دەکاتەوە. ئەمەیش لێناگەڕێت تەنها لایەک باجی نەبوونی دایەلۆگ بدات، بەڵکو وەک یەک بەسەر هەردوو لادا دابەش دەبێت.

لە چیرۆکی (**تاکەی ئەمشــەوە؟)**یشـدا، جگە لە گۆشـەنیگای گێڕانەوە کە کەسی سێیەمی تاکە، یانی گێڕەرەوەی هەموو شـــتزان، یاخود دەکرێ بڵێین لە ســـــەرەوە لە شـــــتەکان

دەڕوانێت و هەموو شتزانە، کەچی دیسانەوە بە تەواوەتی زانیارییەکانمان پێناگات، چونکە گێڕەرەوەی هەموو شتزانیش هەروەکوو (ئاندرۆ بێنیت و نیکۆڵاس ڕۆیڵ) بۆی چوونە، هەمیشە نهێنی پارێزە و سەرباری ئەوەی هەموو شتێکیش دەزانێت کەچی شت دەشارێتەوە و هەمووی ناگێڕێتەوە. لێرەیشدا هەمان ئەو تەکنیکانەی پێشووی لە گێڕانەوە بەکار بردووە. لە تانوپۆی ئەم دەقەیشدا هەندێ بڕگەی ئەوتۆی تێدایە، لەبەر بەدەستەوە نەدانی زانیاریی تەواو خوێنەر دەشڵەژێنێ. وەکوو چارەنووسی (مام وەسمان)، (قالەی پوورە ئایشێ)... کە کەس نازانێ بۆ دەکوژرێن، یان چییان بەسەردێ؟ هەروەها هۆکاری تەقە و دەسرێژەکان نادیارە، دەبێ خوێنەر خۆی بیربکاتەوە لە هۆکارێک. دەق جگە لە ترس، هیچ شتێکی تر ئاشکرا ناکات، پێویستیشە بۆ هاوسەنگ کردنی خوێندنەوە و تێگەیشتن پەنا ببرێتە بەر دەرەوەی دەق، لەوەشدا پێویستە باکگراوەندی ڕۆشنبیریی و سیاسیی و مێژوویی ناوچەکە فریادڕەس بێت تاکو بە دەرەنجامێکی ماقووڵ و بەجێ بیگەیەنێت. نووسەریش، ڕاستە کە بونیادی ناوەکییانەی تێکستەکەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە

واقیعەوە هەیە و تەوەرەکەشی پرسیێکی سیاسیی ناڕوون هەڵدەگریێت، بەڵام خویێندنەوەیەکی هۆشمەندانە و خودئاگایانەی نیگەرانیی و ترسەکانی خەڵکی سەردەمەکەی کردووە و ئەو هەستانەی لەناو مەردوومدا پەی پیێ بردوون و موتوربەی ئەم دەقە و تا ڕادەیەک ئەوانی تریشی کردووە و سنوور و تایبەتمەندیێتییە تاکڕەوانەکانی بەجیێهیێشتووە و لەناو خەمی گشتیدا هەناسەی بە دەقەکەی بەخشیووە و ئەو شتانەی لە بۆتەیدا هاتووە ڕاستیی نکووڵی هەڵنەگرن و تا بڵیێی بە ڕاستەوخۆیی پیێشکەشکراون. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، جیێی وتنە لیێرەیشدا بەشیێک لە واقیع دیسانەوە پەردەپۆش کراوە. ئەمەیش دیارە لەبەر هۆکاری تایبەتیی بووە، بەڵام بۆ دواتر (یانی بۆ سەردەمیێکی تر) لاسەنگ دەبیێت و لەبەر نەبوونی زانیاریی تەواویش لەسەر شت و ڕووداوەکان بە زەرەر و زیان بۆ دەق کۆتایی پیێدیێت و خویێندنەوەیەکی تەواومان پیێنابەخشیێ... جگە لەوەیش پاڕادۆکسی ئەوە قوتدەبیێتەوە کە ترس دەبیێتە شتیێکی تایبەت بە (شار)، وەکو ئەوەی ئەم هەستە هەر تەنها لە شاردا بوونی هەبیێت و لە شویێنی تردا بوونی نەبیێت. لەگەڵ ئەوەی (ئەم خیێزانە)

خۆیشیان لە شوێنێکی ترەوە- لە گوندەکەیانەوە- هەڵبەتە لە ترسا کۆچیان کردووە بۆ شار و هەزارەها شەوی تاریکی وەک ئەو شەوەیان دیووە و ئەزموونیان کردووە. دەتوانین بڵێین: ئەوەی بالانس بە هاوکێشەی پاڕادۆکسەکان دەبەخشێ، ئێپستیمۆفیلیایە، هەر وەکو ئەوەی (***ئاندرۆ بێنیت*** و ***نیکۆلاس ڕۆیڵ***) ئاماژەیان پێداوە، یانی تێرکردنی لاپڕەسەنیی، بە دەربڕینێکی تر، تێرکردن و ڕازی کردن و شکاندنی تاسەی ئەو حەزی زانیاریی بەدەست هێنانەیە کە خولیای خوێنەرە، یان وەڵام بێت بۆ پرسیارەکانی کە لە دەق دەیانکات، بەڵام ئەو تاسەیە لێرەدا ناشکێ، چونکە هاوکێشەکان بالانس بۆ خۆیان دەستەبەر ناکەن. ئەم کاراکتەرەیش بێگومان خاوەنی بیرکردنەوەیەکی سادە و ڕووکەشە. هۆی دوا کەوتن و درەنگهاتنەوەی (شەش حەوت سەعات پاش هاوڕێ کرێکارەکانی) مێردەکەی، دیسانەوە نادیارە، نازانین لەبەر چییە؟ یاخود دوای کار چی کردووە، یان بە چییەوە خەریکبووە؟ دووبارە بەخشینی زانیاریی کورتدەهێنێ و خوێنەر دەبێ بە گریمانەی خۆی و پشتبەستن بە دەرەوەی دەق بەدوای کەماڵی مانادا بگەڕێت. جگە لەمانە،

کۆتــایی ئــەم دەقــەیش زۆر کتوپڕە- هــەروەکوو ئــەوەی ***مۆپاسان*** لە نووسینی چیرۆکدا جەختی لێدەکاتەوە- بەڵام لێرەدا بە شێوەیەکە وەکوو بڵێی بڕینێک بکەوێتە جەستەی دەقەوە. پاڵەوانیش جگە لە نزا و تکایەک خاوەنی هیچی تر نییە و بە جیددییش بیر لەوە ناکاتەوە لەو تاریکییە قورتار بێت و بۆ کۆتایی هێنان بە شــــەوەکەیش ئەڵتەرنەتیڤێک بدۆزێتەوە.

وەکوو دەڵێن بــەبێ زمــان نــاکرێ خوێنـدنــەوە بۆ جیهـان بکرێ، بێگومــان جیهــانی ڕاســــتــەقینــەی چیرۆکــەکــانی (ســــەدرەدین عارف)یش زمانە، زمان ئەو جیهانەمان بۆ ئامادە دەکات، تاقە بوونێکی قابیلی تێگەیشــــتنیشــــە، هەر وەکوو ئەوەی "گادامێر" بۆی چووە. یانی بۆ گەیشـــتن بە جیهان وەسیلەیەکی باشتر نییە، بەپێی "***دێریدا***" تەنها زمان نەبێت، کەواتە دەتوانین بڵێین مادامەکێ ئەم زمانە دەقی ئافراندووە، دەق وەســیلەیەکە بۆ بەرجەســتەکردنی جیهان و هــەرچی چۆنێکیش بێت پــەیوەندی لــەگــەڵدا بــەرقــەرار دەکات و هــەرگیزیش لێکدابڕاو نین، بێگومان ئەگەر وەکو ســیســتەمی ئاماژە تەماشــای زمان بکرێ. هەر وەکوو لە چیرۆکی (**ڕاســـتی مەســـەلەکە**)دا بە شـــێوەیەکی تۆختر

دەردەکەوێت. گۆشـــــەنیگای کەســـــی یەکەمی تاک ڕۆڵ دەبینێت، یانی کەســـــێک کردەی گێڕانەوە دەجووڵێنێ کە خۆی کاراکتەرە لە دووتوێی دەقەکەدا، لێرەیشـــدا دایەلۆگ یەکلایەنەیە، هەروەکو ئەوەی لە دەقی (**ڕازێک**)دا پەی پێ دەبرێت، دەکرێ بە تەداعییەکی مۆنۆلۆگئاســـــا لەقەڵەم بدرێت، دیسان فلاشباک، کە بازدانێکی ئاڕاستە پێچەوانە و گەڕانەوەیە بۆ دواوە، ڕەوتی گێڕانەوە ڕاســـــتەوخۆکە هێوور دەکاتەوە، ســـەرەتا و کۆتاییش لە جێگاکانی خۆیان ترازاون و ڕووبەری دەق بووەتە گۆڕەپانێک بۆ ئەزموون کردنی شتێکی تازە، بە وتەیەکی تر ئەزموون پێش ڕووداو دیاریکراوە، پاش ڕووداویش بەرفراوانتر بووەتەوە. ئەگەر بە گوێرەی ئەو قســـەیەی "دێریدا"- کە دەڵێت: هیچ شـتێک لە دەرەوەی دەقدا بوونی نییە- قسـە لەسـەر ئەم بەرهەمە بکرێت، ئەوا ئەم تێکســـتە بەبێ پەیوەندی بەســـتن لەگەڵ کۆنتێکســـتێکی مێژوویی و ســـیاســـیی و کۆمەڵایەتی دیاریکراوی ســـەردەمێک زۆر هەژار و دەســـتەوســـان دەردەکـەوێـت، بـە ڕادەیـەک دەکرێ بوترێ ڕووبـەڕووی دەقێکی تەمومژاویی و نامەفهووم، یان یەکدیو دەبینەوە، یانی هیچی لێ هەڵ ناکرێنین، چونکە، ســـەرباری ئەوەی

ئەم دەقە نمایندەی واقیعێکی دیارە و گێڕانەوە بونیادی دەنێت و بە ڕەمز بارگاوی دەکات و دەلالەش، کە زمان بەرپرسە لە خولقاندنی و بونیادێکی ڕووکەشیشی هەیە، کەچی بە ڕوونیی ئاماژە بە مانا دەدات، چونکە زمان خۆی جێگای مانای گرتۆتەوە، ئەو زمانەیش کە جێگای مانا بگرێتەوە، یانی وێڕای ئەوەی هەڵگری خۆیەتی، ئاماژە بە دەرەوەی خۆیشی دەدات، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت ئەو دەقەی زمان بە پلە یەک پێکی دەهێنێت هەر تەنها ئەو شتە نییە کە لە ڕوواڵەتدا گوزارەی لێدەکات. یانی خۆی کەشف دەکات و "***ئیان مەکلین***" گوتەنی جیهانی زەینیی نووسەریش ئاشکرا دەکات.

بێگومان کاراکتەر لەم دەقەدا جیاوازە، بۆیە پێویستیشی بە زمانێکی جیاواز هەیە، یان بەرەو زمانێکی تر دەمانبات، زمانێک لە بارگەکانیدا چەمکەکانی سەردەم هەڵدەگرێت، وەکوو ئەوەی "حەمید ئەلڕوبەیعی" بۆی چووە، چونکە ئەم دەقانە ئاستە گوتارییەکەیان هەڵگری یەک شتە، ئەویش گوتاری سیاسییە، کە دیارە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و پەردەپۆش دەردەکەوێت، یان باشتر وایە بڵێین نووسەر لە ڕێگای ڕەهەندە سیمبوڵییەکانەوە چارەسەری ئەم

بابەتانەی کردووە و لەوانەشە برەوسەندنی ئەو سیمبوڵییەتەی حەفتاکانی سەدەی پێشوومان ئەم سەرچاوەیە پێشەنگایەتی کردبێ و هەر بە کاریگەریی ئەم نووسەرەیش ڕەوایە بوترێ نووسەری دیار "**لەتیف حامید**" ڕچەی چیرۆکنووسیی خۆی گرتووەتەبەر و بە شێوەیەکی کۆدئامێز دەقەکانی بەرهەمهێناوە. بەڵام ڕاگەیاندنی ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دان بە شتێکی ئەرێنییدا دەنێین بۆ هونەری گێڕانەوەمان، بە تایبەتیش بۆ ئەو ڕەمزییەتە داخراوەی ئەو سەروبەندە ڕەواجی پەیدا کردبوو، چونکە چەشنە دەقێک برەوی وەرگرت تەنها بەو کات و زەمانە تایبەتە و ڕەنگە نەتوانێ بەبێ کێشەوگرفت و بە سانایی سنوورەکانی ئەو دەیەیە ببڕێت، بە دیاریکراویش لەبەر ئەوەی ڕەمزییەتێکی گەردوونییش ناگرنەخۆ و بەسەر نەوەیەک و سەردەمێکدا داخراون و سنووری ئەو سەردەم و نەوەیەیش نابڕن تەنها بەوە نەبێت کە چەمکی (بێشوماریی مانا)ی "وولفگانگ ئایزەر" بەهەند وەربگرین و کاری پێ بکەین.

لەم دەقەدا- کە تەنانەت واقیعێکی ڕەمزیی واقیعە سیاسییەکەیش پەردەپۆش دەکات- یەکەمین شتێک کە

دەیووروووژێنێت پرســـیاری ئەوەیە بۆ کوشـــتن؟ بێگومان تەنها لەبەر ئەوەی کاراکتەرێک داوای خۆڕادەســـتکردنەوە لە پاڵەوانی قســـــەکەر دەکات، ئەمەیش مۆتیڤێکی لاوازە بۆ ئەو کردە جیددییە. بە ڕاســتیی لەم تێکســتەدا کاراکتەر کە "شـــــێرزاد" دەکاتە ناوبژیوان بۆ ئەوەی شـــــەفاعەتی بۆ بخوازێ، هــەر لــە یــەکــەم ڕۆژەوە دانی بــە کوشـــــتنی (شـەفەشـەل)دا ناوە و ئیدی مەسـەلە لەوێ کۆتایی هاتووە، بەڵام کەس لێی نەپرسیووە بۆ؟ کە ئەمە شتێکی سەیرە و پاڕادۆکس دەهێنێتە کایەوە، چونکە بە لۆژیک ڕێی تێناچێت کارێکی وا جیددیی ئەنجام بدرێت و کەس لە هۆکارەکەی نەپرســێ و ئەنجامدانیشــی نەخرێتە ژێر پرســیارەوە! یانی لێرەدا لاپڕەســـــــەنیی لە مرۆڤ ســـــــەنراوەتەوە (کە ئەمە شـــــتێکی مـەحـاڵـە بێگومـان) و هیچ شـــــتێکیش جێگـای نەگرتۆتەوە تا لە ڕێگایەوە ســـــەنگوســـــووژ بکرێت. ئەوی ڕاســـــتیی بێت زۆر لـە شـــــتـەکـان کتوپڕن. لـە پڕێکـا (شـــــەفەشـــــەل)بە تەواویی دەگۆڕێت و خەڵکەکەیش لێی دەتەکنەوە، بەڵام نازانین ئەم گۆڕانە لە کوێوە ســـــەرچاوە دەگرێ؟ ڕەنگــە پــەی بردن بــەمــە بکــەوێتــە کۆتــایی چیرۆکەکەوە، ڕای خۆی گۆڕیوە و ویســـــتوویەتی خۆی

ڕادەســــت بکاتەوە و شــــتێکی ئاســــاییشــــە. لەوانەیە ئەم بڕیارەی (شــــەفەشــــەل) زۆر گرنگ نەبێ تا ببێتە مۆتیڤی کوشــــتنەکەی و هەروەها کێشــــانی جگەرەی گرێڤن و ئەفەندێتیی و خوێندەوار بوونیشــــی... ڕەنگە مەســــەلەکە تۆڵەســــەندنەوەیش نەبێ لە کەســــێک کە تەســــلیمی دەسەڵاتێک دەبێتەوە کەسوکارەکەیان تەفروتونا کردووە... ئەمە "مێرسۆ"ی پاڵەوانی ڕۆمانی (نامۆ)ی "***ئەلبێر کامۆ***"مان وەبیر دێنێتــەوە کــە لــە خوت و خۆڕایی و بــەبێ هیچ مۆتیڤێک و هەر لەبەر ئەوەی تیشــــکی ڕۆژەکە لە چاوی دەدات گەنجە جەزائیرییەکە دەکوژێت.

دیارە پاڵەوانی دەقەکانی پێشوویش ناتوانن ئاڕاستەی شار هەڵنەبژێن و بەرەو ژوور بچن، کەســــیش ئەو ڕێگایەیان لێناگرێت!! بێگومان لێرەیش واقیعەکە دیســــانەوە تاریک کراوە و زانیاری لەســــەر ئاشــکرا نەکراوە. ســەبارەت بە بەشــــداری نەکردنی واقیعیش لە بەرهەمی ئەدەبی و پەردەپۆش بوونیشی تێیدا "وولفگانگ ئایزەر" دەخاتە سەر ئەو باوەڕەی بڵێت بەڵگەنەویســتە دەقێک، با خەیاڵکراویش بێت، ئەگەر بێت و خاڵی بێت لە هەموو پەیوەندییەک بە واقیعی ناســــراوەوە ئەوا ناڕوون و نامەفهووم دەبێت،

چونکە دەقی ئەدەبیی تێکەڵەیەکە لە واقیع و جۆرەکانی خەیاڵکردن، بۆیە لەنێوان پێدراو و خەیاڵکراودا بێ چەندوچوون کارلێک دێتە ئاراوە. پاڕادۆکسێکی تریش ئەوەیە کە ڕوودانی کوشتنەکە لەکاتی وەستانی شەڕدا ڕوودەدات، یان لە ڕاستیدا بیرۆکەی خۆبەدەستەوەدانی (شەفەشەل) ئیدی لەو کاتەدا چی دەگەیەنێت؟ شەڕ لە گۆڕێدا نییە، با بڵێین ئیتر ئەو بڕیارە لەو بارودۆخەدا چ گرنگییەکی هەیە؟ هەموو شتێک لە دانوستاندا چەقی بەستووە و ئیتر دانانی ئەم ڕووداوە و کردنی بە ڕاستییەک لەناو تێکستەکەدا بە هیچ جۆرێک قەناعەت بەخش نییە!

دەقی (**ڕێبوار و ڕێگە**)یش کەموزۆر هەمان تەکنیکەکانی پێشوو شەقڵی پێدەدەن و هەر لە سەرەتاوە شێوازە ترادیسیۆنییەکەی نووسین تێدەپەڕێنێ و گۆشەنیگای کەسی یەکەمی تاک دەیگێڕێتەوە و جەستەی دەق بە چەند گرتەیەک دەخاتە ناو چوارچێوەوە، ڕاستە بیرۆکەیەکی ئاڵۆزمان پێشکەش دەکات، بەڵام ڕووداو و کردەی چیرۆکمان لە توێیاندا بەرچاو ناکەوێت. ئەمەیش زیاتر بە هۆی تەوزیفکردنی ڕەمز و بەکارهێنانییەوەیەتی... لێرەیش:

جێگۆڕکێی شـــوێن و کات، فلاشـــباک، دایەلۆگ... تاد، ئەتمۆســـفیرەکەی دەخەنە شـــێوەیەکی هونەرییەوە کە دەتوانین بڵێین هەمان ئەتمۆسـفیری دەقەکانی پێشـووە و دووبارە دەبێتەوە و لە خولگەیەکی کافکاییدا دەخولێتەوە. ئەمەیش دنیایەکی دەرەوەی دنیاکەی خۆمان بۆ نارِسکێنێ و هەر ئەو شتە ئاساییە دێرینەیە، ئەو شتەی زمان وێنەی دەگرێت، زمان کە توانای خولْقاندنەوەی شتی هەیە، لێرەدا شتێکی نامەئلووفی ئەوتۆ ناخولْقێنێ، یان بابڵێین مەئلووف نامەئلووف ناکات، چونکە تەنها وەسـیلەیەکە بۆ وێناکردنی دیمەنێک، یان لە چوارچێوەگرتنی دیمەنێک، دیارە ئێمە لە ڕێگـای خوێنـدنـەوەوە دەمـانـەوێ جیهـان لـەنـاو دەقـدا بڕســـکێنین و وەکوو بوونێکی تۆکمە وێنای بکەین، کەچی لێرەدا بەهۆی ئەو تەمومژە و نەبوونی زانیاریی تەواوەوە ئەو جیهانە وەک بوونێکی تۆکمە وێنا ناکرێت تەنها بەوە نەبێ کە خوێنەر بە پاشـخانە ڕۆشـنبیریی و سـیاسـیی و مێژووییەکەی خۆی کەلێنەکانی دەق پڕبکاتەوە تاکو لە شـــەقڵ بەخشـــین بەو جیهانە بەشـــداری بکات. دەکرێ بپرسین لە ڕاستیدا چی لێرە ڕوودەدات؟ با بە دەربڕینێکی تر بڵێین لێرە کردار هەیە؟ ئەوەی ڕاســتیی بێ تەنها زمان

لەناو ئەم تێکســـتەدا دەکەوێتەگۆ، یانی زمان ڕوودەدات، ڕووداویش، دیارە پێشـــتر ڕوویداوە، واتە ئەو ڕووداوەی ئـەم دەقـە دەڕســـکێنێ، ڕووداوی بـە ئـاشـــکرا نییـە و پەردەپۆشـــکراوە، یانی ڕوودەدات، بەڵام دیســـانەوە لە شـــوێنێکی تر، نـەک لـەنـاو دەق، یـاخـود دەکرێ بڵێین لـە بـاکگراوەنـدی دەق ڕوویـانـداوە و دەقیش لـە ڕاســـتیـدا سەرەنجامی ئەو شتانەیە کە لە دەرەوەیدا بەرقەرار بوونە و کۆتـاییـان هـاتووە. ڕەنگـە بشـــێ بوترێ ڕووداوی نـاو گێڕانەوەیە. زانیارییەکانیش دیســـانەوە لە گەیشـــتن بە وەرگر کورت دەهێنن، لە شـــوێنێکدا دەڵێت: (باوکم گەلێ شـتی تری ئەزانی، بەڵام نەیئەویسـت دەریان بخات)- ئەو شـــتانەیش چین کە پاڵەوان زۆربەیانی لە خەڵکی گوندەکە بیســـتووە و بێخەم لەوەی خوێنەر نایانزانێ هەر بە نادیار دەیانهێڵێتەوە. ئەو ئیش و کارەیش چییە کە هاوڕێکەی بۆ چارەســـــەرکردنی ملی بۆ زۆرلا ناوە؟ ئەو پیاوە پیرەی بەڵێنی چارەسـەرکردنی مەسـەلە نادیارەکەشـی داوە کێیە؟ ئـەمـە ڕەمزێکـە، ڕەمزێکی تریش مردنی پیـاوە پیرەکـەیـە، بەڵام دیســـانەوە هیچ نادات بەدەســـتەوە، چونکە وەک لە دەقدا هاتووە: (کەس نەیئەزانی چۆن و لەبەرچی مردبوو)!!

دیاره لێکدانەوه بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵێت و دەیەوێ بیری لێبکاتەوه، به تایبەتی ئەگەر بێت و بەرواری بڵاوکردنەوەی بـه هـەند وەربگرێت و نـەختێک لێی قووڵبێتـەوه. کۆتـایی لێرەیشـــدا هەر کراوەیه و کتوپڕ یەخەی دەق دەگرێت و گوتاره ســیاســییەکەشــی کورت دەهێنێ، چونکه خوێنەر لــەوه حــاڵی نـابێـت پیرەمێردەکـه بۆ کتوپڕ مردووه و هاوڕێکەشـــی، که بۆ مەســـەلەکەی بەدوای چارەســـەردا عـەودالّـه و لـەبـەر هۆکـاری مردنی پیرەمێردەکه پـەیـدای ناکات، بۆچی هەســت به ناکامیی ناکات؟ بۆچی ســێبەری زەردەخەنه بەسەر لێوییەوەیەتی؟ ئایا ئەوەنده دڵخۆشه له هەوڵێک نووشـووسـتیی بهێنێ و به سـانایی له سـەرەتاوه دەســـت پێبکاتەوه؟ بێگومان نەک هەر ئەم دەقه، ئەوانی تریش پرســـیارگەلێکی زۆر دەوروووژێنن، بێئەوەی کەس بتوانێ هـەر لـەنـاو خۆیـاندا وەڵامیـان بۆ بقۆزێتـەوه. جگه لەمانه، دیاره له پاڕادۆکسیش خاڵی نییه. لاوێکی باڵابەرزی تێکسـمڕاو- که بێگومان (حەمەغەریب)ه گەڕاوەتەوه، بەڵام له کوێوه هاتووه و سـەرباری ئەوەی پانزه ساڵیشـه لەوێ نییه چۆن دەنگوباســـی زۆربەی خەڵکی گوندەکه دەزانێ؟ ئەو قســه ســەیر و ســەرســوورهێنەرانەیش چین که بۆ

خەڵکیان دەکات؟ بۆ نەیتوانیووە لە هیچ گوندێک ئۆقرە بگرێت؟ ئیشێکی بەدەستەوەیە ئەگەر تەواوبێ جۆری ژیان و ڕابواردنی دەگۆڕێ! بێگومان ئەمانە هەمووی بەتاڵ دەبنەوە کاتێ لە بەرواری بڵاوکردنەوەی ئەم چیرۆکە و پانزە ساڵی دیارنەمانی کاراکتەر ڕادەمێنین، کە بە واقیعی ئەو سەروبەندەی ساڵانی شەستەکانیش بەراوردی دەکەین، تێگەیشتن ئەوەندەی تر مەحاڵ دەبێت. دەق لە لایەک بە لاوە خوێنگەرمەکە ئاماژە بە پاڵەوان دەدا، لە لایەکی تریشدا دەڵێت: گەڕانەوەی (حەمەغەریب) ڕووداوێکی گەورەبوو لە گوندەکەمان!! جارێکی تریش ئێمە نازانین ئەو ڕووداوە چییە، پاشان گێڕەرەوە-کاراکتەر بۆ وا بە پەرۆشەوە دوای (حەمەغەریب) دەکەوێت؟ دەق ئەو تەنگوچەڵەمەیەی (حەمەغەریب) ئاشکرا ناکات، یان مەسەلەکەی کە ئەویش هەر نازانین چییە! ئەم شتانە ئاڕاستەی بیری خوێنەر بە زۆر لادا دەبەن و شپرزەی دەکەن، چونکە دەقەکە وەکو مەتەڵێک دەبینێ پێویستی بە هەڵهێنان بێت، کە نایشتوانێ هەڵیبێنێ ئیتر گرنگترین ئەرکە ئیستێتیکییەکەی کە چێژبەخشینە لە کیس دەچێت.

بە هەمان شـێوە و تەکنیکیش چارەسـەری (باڵی شـەوگار) دەکات و گۆشـەنیگا کەسـی سـێیەمی تاکە و گێڕانەوەیەکی ئاسـایی دەگێڕدرێتەوە، واتە کەسـێک پرۆسـەی گێڕانەوەکە دەخاتەگەڕ کە لە دەرەوەی چیرۆکەکەدایە. بەکارهێنانی دیمـەن لـە پلۆتـدا، کـە شــــێوازێکی جیـاوازە و ئـەو مامەڵەیەیشــــی کە لەگەڵ زماندا دەیکات تا شــــەقڵێکی دەرەکیی جیاواز بە تێکســت بدات، هەروەها دایەلۆگیشــــی تێدا بەکار بردووە. ئەم دەقە بە ســــەرەتایەکی شــــیعریی جوان دەســـت پێدەکات، کەچی نووســــەر بە شــێوەیەکی فۆتۆگرافییـانـە دیمـەنـەکـان دەگوازێتـەوە، واتـە دەرەوە دەهێنێتـە نـاو دەق... لـە بیری (فـەرهـاد)دا کـە منداڵێکـە، ئەویش وەک ئێمەی خوێنەر خاوەنی هیچ زانیارییەکی ناو تانوپۆی دەقەکە نییە و نازانێ دەوروبەری ســرتەســرتی چییانە؟ تەنها یەک شـــت بۆ ئەم پاڵەوانە بەرجەســـتەیە ئەویش یاریکردنە، یانی دەیەوێ بچێتە دەرەوە، ئەو دنیایە بـەجێبێڵێ کە دنیای ئەو نییە، چونکە بیری لای دنیاکەی خۆیەتی، بیری لای ژیانکردنە و پێویستە سەرباری هەموو شــــتێکیش ژیـان ڕەوتی خۆی بگرێ و بـەردەوام بێت... ئەگەرچی لە ناوەوە- لە ماڵەوە- ژیانی باپیرەی کۆتایی

هـاتووه و چیدی بوونێک نییه لـەم دنیـایـەدا، بـەڵام ئـەو هێشتا لە سەرەتادایە و دەبێ ئەو مەودایەی نێوان سەرەتا و کۆتـایی- بوون و نـەبوون- ببڕێت، چونکە بەوە ناچێ ئەوانی پێشوو مشووری دنیای ئەمیان خواردبێ و بیریان لـە ئامادەکردنی یۆتۆپیایـەک کردبێتەوە بۆی. لێرەدا دوو دنیـا دیـارە، کـە پـەیوەنـدییـەکی تونـدوتۆڵ پێکـەوەیـان نابەســـتێتەوە، لەبەر ئەوەی دنیای یەک نەوە نییە. لەم دەقەیشـــدا هەمان شـــتەکانی پێشـــوو دووپات دەبنەوە، زانیارییمان بە تەواوەتی پێناگات و هەر تەنها ئەوەیە کە ئێمە دەزانین هەموو زیندوویەک ســـەرەنجام دەمرێت و، دوای ئەوەیش ژیان بەردەوام دەبێت. بێگومان گرێچن بە گشتیی لێرە و لەوانی تریشدا بەئاگایانە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە و لە دەسـتپێکەوە کە بەشـێکە لە چنینەکە و ئەویش وەکوو لە شـوێنی تری ئەم نووسـینەیشـدا ئاماژەی خێرای پێکراوە، بە کورتی ڕێکخستنی زنجیرەی ڕووداو و برگە و جووڵـەکانی ناو دەقە و بەدوای یەکدا هاتنی ئەمانـەیـە: دەســـتپێـک- ململانێ و بــەرزبوونــەوەی کردار، یـانی چڕوپڕبوونی ململانێ- چڵــەپۆپــە- نــەوی بوونــەوە و داچۆڕانی کردار، یـان کرانـەوەی گرێ و بـەرەو کۆتـایی

چوون- ئینجا چاره‌سه‌ر، یان قفڵ، جوان به‌ره‌و کۆتایی شۆڕ ده‌بێته‌وه‌، به‌ڵام سه‌ره‌نجام خوێنه‌ر ڕووبه‌ڕووی تێمایه‌کی ناڕوون ده‌بێته‌وه‌، یانی به‌دیقه‌ت نازانین ده‌ق چ په‌یامێکی هه‌ڵگرتووه‌. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ئه‌گه‌ر به‌ شێوه‌یه‌کی گشتگیر بڕوانینه‌ ده‌قه‌کان، ئه‌وا چه‌ندین ته‌وه‌ره‌ و تێمه‌ی یونیڤێرساڵمان ڕووبه‌ڕوو ده‌بێته‌وه‌، له‌وانه‌ ترس، نیگه‌رانیی و دڵه‌ڕاوکێ، چاره‌نووسی ڕه‌ش و ڕێککه‌وتێکی زۆر، که‌ بێچه‌ندوچوون ئه‌و ئه‌تمۆسفیره‌ کافکاوییه‌یان پێده‌به‌خشن که‌ گه‌لێک ته‌مومژاوین، یاخود ناچنه‌وه‌ سه‌ر سه‌رچاوه‌یه‌کی لۆجیکی ئه‌وتۆ که‌ بتوانین لێکدانه‌وه‌یان بۆ بکه‌ین.

چیرۆکی (**گه‌شتێک**)یش وێنه‌ی دنیایه‌کی تاریکی دیکه‌مان بۆ ده‌کێشێت و پرسیاری ئه‌وه‌مان لا زه‌ق ده‌کاته‌وه‌ که‌ له‌ ڕاستیدا له‌ کوێوه‌ بۆ کوێ؟ له‌ هه‌مان شوێنه‌وه‌ بۆ هه‌مان شوێن؟ ئایا هیچ گۆڕانێک له‌ ڕووبه‌ری ژیانێکدا ڕوونادات؟ بێگومان ئێمه‌ وه‌ڵامی ئه‌مانه‌ شک نابه‌ین! ئه‌م چیرۆکه‌یش به‌ گۆشه‌نیگای که‌سی یه‌که‌می تاک نووسراوه‌ و فلاشباک، مۆنۆلۆگ، دایه‌لۆگ، پاشوپێش خستنی ده‌ستپێک و کۆتایی، مۆنتاجی کات و شوێنی تێدا به‌کاربراوه‌. لێره‌یش هه‌روه‌ها

کێشەی زانیارییمان هەیە و پێمان ناگات، ئەمەیش بێگومان کۆسپە و ناهێڵێ لەو سەردەمە تێبگەین کە ئەم دەقەی بۆ نووسراوە. بەر لە هەموو شتێک نازانین بۆ کاراکتەری ناو ئەم فەزایەی گێڕانەوە وای لێهاتووە، دابڕاوە لە خۆی، ژیانی بابەتێکی لەبیر چووە، مەحکوومە بە نەگەیشتن بە زانیاریی تەواو لەبارەی دنیاکەیەوە... تاد. ئەمەیش لە ڕاستیدا پرسێک، پرسێکی ڕەوا لە هزر و ویژدان و ئاگاییماندا زیندوو دەکاتەوە، دەیژێنێتەوە، تاکو هەمیشە لەگەڵماندا بێت و قەتاوقەت لە بیری نەکەین و دەستبەرداری نەبین. لێرە نازانین بۆ کاراکتەر لە "مامۆستا دڵشاد" پەستە، بۆچی "قالە" گیراوە و کێیە و چ پەیوەندییەکی بە پاڵەوان و دەقەوە هەیە؟ یان "مەلا پیرداود"، کێیە و لەسەر چی هەوڵی کوشتنی دراوە و چۆن هەوڵەکە شکستی هێناوە؟ پاڵەوان بۆچی بەرەو خوار هاتووە و لە سەرەوە، لەو شوێنە خۆشە (سەکۆکەی مەلا پیرداود) نەماوەتەوە؟ بۆچی گوندەکەیان هەر چەند کەلاوەیەکە و هیچی تر؟ پیاوە سوورە کورتەباڵاکە بۆ هەر گوزارشتی (بە ناموستە وانییە؟- بە ناموستان وانییە؟)ی پرسیارئامێز دووپاتە دەکاتەوە؟ دەتوانین بڵێین

کاراکتەر لەم تانوپۆیەدا دوو چاوی تیژی هەیە و ئەوەی دەیبینێ دەیگێڕێتەوە، ئەوەی دەیبینێ تێهەڵکێشی گێڕانەوەکەی دەکات. جگە لەمانەیش خۆی و هاوڕێکەی بە چ مەبەستێک لە مەیخانەکەوە دەردەچن و چەند کۆڵانێک دەکەن و دەگەڕێنەوە هەمان شوێن و دەچنەوە ناو هەمان مەیخانە؟ چ مەبەستێکی هەیە؟ هیچ نادات بەدەستەوە تاکو شتێکی لێبقۆزینەوە و پارچەکانی پەزڵەکە پێکەوە بلکێنین. گرێچن هەندێ شتی لاوەکیی تێدەکەوێ نازانین ڕۆڵیان چییە لەناو دەقەکەدا؟ بۆ نموونە سوورەی کورتەباڵا، دوو منداڵە بچکۆلەکە کە نازانین بۆچی بەو درەنگە شەوە لە دەرەوەن و هەروەها فاڵچییەکەیش... خۆ ئەگەر ئەمانە بە تەداعییش هاتبنە ناو تێکستەوە هەر دەبێ ئەرکێکیان پێ سپێردرابێ، بەڵام هەست دەکەین ئەرکیان نیوەچڵە، چونکە نووسەر ناهێڵێ ڕستەی فاڵچییەکە ڕەوتی خۆی وەربگرێت و تەواو بێت یەکسەر دیمەنەکە دەگوازێتەوە، یان دەیقرتێنێ و سەرباری ئەوەیش دەپرسین بۆ چ مەبەستێک لەناو دەقدا قوتکراوەتەوە؟ ڕەنگە هەر تەنها بەکارهێنانی شەپۆلی هۆش بێت، لێ بەبێ ئەوەی بزانین لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە، یاخود هەر وەکو شتێکی زیادە تێی

ئـاخنراوە بـەبێ ئـەوەی وەزیفـەیـەکی دیـاریکراو ببینێت. پـاشـــان خوێنـەری وردبین هـەســـت بـەوە دەکـات ئەتمۆسـفیرێکی ڕووکەشانەی کافکایی لەم دەقەیشدا خۆی دەنوێنێ، دەڵێین ڕووکەشـــانە چونکە ســـەرکەوتوو نییە لەوەی بابەتێکی تەواو کافکاییمان پێشـــکەش بکات، لەبەر ئـەوەی هۆکـارەکـانی ئـەو دنیـا کـافکـاییـیـە لـەم چیرۆکـەدا ڕوون و ئاشـکرا نین. (**سـێگۆشـەی باسـێکی کۆن**)یش بە گۆشـــەنیگای کەســـی یەکەمی تاک لە ڕێگای جێگۆڕکێی ســـەرەتا و کۆتایی، دایەلۆگ، مۆنتاجی کات و شـــوێن و... تاد دەگێڕدرێتەوە. دەتوانین بڵێین ئەتمۆسـفیرێکی کافکایی لەم ڕووبەرەیشـــدا ئامادەییەکی پێداگری هەیە، هەر بۆ نموونە پیت لە بری ناوی کاراکتەر بەکار براوە کە (س)ە و نـاوی بـەڕێوەبـەرەکـەش (ک)ە. پـەی بـەوە نـابـەین بۆچی کاراکتەر خاوەنی هەســـتی ئەوەیە کە ژوورەکەی بۆتە زیندان- بێگومان بەبێ ئەوەی هۆکارێک دنەی ئەو هەسـتە بدات- بۆچی هەســـت بە بەندکراویی دەکات، ترســـی لە چییە؟ بۆ بە بینینی ئەم، خاوەن ژوورەکە و ژنەکەی قاقا دەکێشـــن؟ ئەمانە هەموو نادیارن، چونکە وەســـف لە بونیـادی دەقدا بـەشـــدار نییـە، جگـە لـەمـەیش کـەمترین

زانیاریی بەدەستەوە دەدات. نایشزانین ئەم پاڵەوانە کێیە و چی کردووە وا ئەو نامەیەی بۆ دێت کە تیایدا ئاماژە بەوە دراوە کە ئەم بۆ شارەکە هەڕەشەیە و بڕیاری لەناوبردنی دراوە... سەیر ئەوەیە داوای لێدەکەن شێوەی مەرگەکەی خۆی هەڵبژێرێ، کە ئەمە ئایرۆنییە و پرسیارێکی نامۆ ڕوواوڕووی وەرگر دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە بۆچی؟ کەی لە ڕاستیدا بکوژ مافی بە قوربانیی داوە بژاردەی هەبێت؟ یانی بکوژ کەی مافناس بووە؟ نازانین بۆ. ئەم کاراکتەرەیش لە شوێنێک ئیش دەکات نە کەسی لێ دەناسێ و نە کەسیش ئەو دەناسێ! تەنانەت ناوی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییەکەشی نازانێ، کە بە (ک) هەواڵی لە پاسەوانی دائیرەکە دەپرسێت بەوە وەڵام دەدرێتەوە کە دە دوانزە ساڵە مردووە، واتە بە کورتی ئەم کابرایە ئاگای لە هیچ نییە و پەیوەندیشی نە بە دنیاوە هەیە و نە بە هیچ شتێکییەوە. ئەمەیش وادەکات ئەم کاراکتەرە لە خۆی تێنەگات، چونکە هەوڵی تێگەیشتنی دنیا نادات تاکو پتر لە خۆی بگات، هەر وەکوو ئەوەی "***تزڤیتان تۆدۆرۆڤ***" دەڵێ، لە ڕاستیدا هیچ هەڕەشەیەکیش نییە بۆ سەر شارۆچکەکە، ئیدی پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی

هەڕەشـــەی لێکراوە بە کوشـــتن؟ نازانین. ئەمەیش دەربڕی ئـەوەیـە ئـەم دەقـە بیرێکی لۆجیکییـانـە بۆ هـەموو چنینیی نەکراوەتەوە و بونیادی گرێچنێکی ناتۆکمە بەرجەســـــتەی کردووە، واتــە لــە کــاتێکــدا کــە دەبێ هــەموو بڕگــەکــانی تونــدوتۆڵانـــە هـــاوپـــەیوەنـــدبن، کـــەچی وانییـــە و ئـــەم هاوپەیوەندییە نابینرێ. پاڕادۆکســی ڕاســتەقینەی ناویشــی ئـەوەیـە بکوژ لـەگـەڵ قوربـانییدا وشـــــەکانی (تکـایـە... و ببوورە...) بـەکـار دەهێنێ، پـاشـــــان ئـەمیش، واتـە بکوژ، فەرمانی پێکراوە و نایشــــزانێ بۆ ئەم فەرمانەی پێکراوە، بەڵام دەبێ هەر ئەنجامی بدات. نووســـەر ئەم دەقەشـــی نوقمی دیدێکی زۆر ناڕوونانەی ســیاســیی کردووە و تاکو لوغزئامێزتریش بێت ناهێڵێ زانیارییمان پێبگەیەنێت، ئیتر خوێنەریش هەســـــت دەکات زۆربەی بڕگەکانی تێکســــت شـــــفرەیە و پێویســــتە هەڵیان بهێنێ و بیاندۆزێتەوە... ئـەمـەیش لـە ڕاســــتیدا ئیش و ئـەرکی خوێنـەر ئاڵۆزتر و دژوارتر و تـاقـەتپڕووکێنتر دەکـات، چونکـە درکی ئـەوەی تیژ دەبێتەوە کە بۆ زەفەر بردن بە تێکستەکە پێویستیی بە زانیاریی تر هـەیە، بە تایبەتی ســـــەبارەت بەو بارودۆخە مێژوویـیـەی تێیـدا بـەرهـەم هـاتووە، هـەر تـەنـهـا ئـەمـەیش

شـەقڵ بە بنەمایەک دەبەخشـێت بۆ تێگەیشـتن لە دەق، هەر وەکوو (ئاندرۆ بێنیت و نیکۆلاس ڕۆیڵ) ئاماژەیان پێداوە. دیارە لەلایەکەوە نەگەیشتنی زانیاریی و لەلایەکی تریشەوە بە کۆد تەنرانی دەقەکە، چیرۆکەکە زۆر بێ ڕەواج دەکات. پاشـــان خۆهەڵواســـینی کابرای خاوەن ماڵ کە نازانین بۆ بەم کارە هەڵدەسـتێت چی دەخاتە سـەر ناوەڕۆکەکە؟ لەم تانوپۆیەدا هەســـت بەوە دەکرێت هەموو شـــتێک ڕێکەوت دەیجووڵێنێـت، بۆ دەچێتـە کۆلان و تیـایـدا دەمێنێتـەوە و ناگەڕێتەوە ماڵێ، پارچە کاغەزەکە هەڵدەگلۆفێ، سەرلەنوێ دەریدەکات و دەیخوێنێتەوە، ئینجا بەخۆی دەڵێت: (چۆن تا ئێسـتا تێبینی ئەم وشـەیەم نەکردووە؟) دەشـێ مەبەسـتی وشـەی "کوشـتن"ەکە بێت... سـەیرە ئەم کاراکتەرە دەجار نامەکەی خوێندووەتەوە کەچی هێشـــتا لە ناواخنەکەی بێئاگایە!! ئیدی بە ڕاستیی نازانین بۆ ئەو نامەیەی پێدەگات و دواجار بۆ گۆڕانکارییەکی ناکاوانە ڕوودەدات و یەکسەر دەکەوێتە گەڕان بۆ دۆزینەوەی نووسـەرانی نامەکە، دیارە بەبێئەوەی ناویان لە نامەکەدا نووسرابێ... لە ڕاستیدا ئەم چیرۆکە ئەگەر ڕەمزییش بێت ئەوا تەنها نووســـەر لەکاتی نووسـینیدا زانیوویەتی مەبەسـتی چییە و بەڵگەنەویسـتە کە

لەوانەیە ئێســـتا ئەویش وەک ئێمە نەزانێت ســـەبارەت بە چییە! ڕاستە زۆرجار دەق مانای ناڕوون لەخۆیدا حەشار دەدات و ئەرکی خوێندنەوەیە پەردەی لەســـــەر لابەرێت، کەچی خوێندنەوەیش زۆرجار لە بەرانبەر ئەم دەقانەدا کورت دەهێنێ و نـاگـاتـە دەرەنجـامێـک لـەگـەڵیـانـدا و ڕاستییەکانیان دەستەبەر ناکات، چونکە بونیادێکی دەلالیی لێکترازاو شەقڵییان پێدەبەخشێت، بۆیە خوێنەریش ناتوانێ هیچیان لێ هەڵێنجێنێ و چێژێک لەو مانایانە هەڵکڕێنێ کە خۆی کەشفیان دەکات.

دوا چیرۆکی (ســەدرەدین عارف)یش- شـۆڕبوونەوە- یە. دەکرێ ئەمە و ئەوانی پێشوویش بە (دەقی کراوە) دابنێین، وەکوو ئەوەی "**ئەمبێرتۆ ئێکۆ**" دەڵێت، چونکە لێرەیشــــدا خوێنەر فڕێدەداتە نێو گومان و دڵنیانەبوون، لەبەر ئەوەی چارەســـــەر لەناو دەقدا نایەتەدی، بۆیە وەرگر دەشــــێ ماوەیەکی درێژتر لەبارەیانەوە تێبفکرێت، یان لە چەند گۆشـــــەنیگایەکەوە لێیان ڕابمێنێت و بیانخوێنێتەوە و ســــەرەنجامیش کرانەوەکان دابخات، یانی چارەســــەر بدۆزێتەوە، کە ڕەنگە ئەمەیش یەکێک بێت لە لایەنە پۆزەتیڤەکانی ئەم جۆرە دەقانە. دیارە ئەم چیرۆکە بە

گۆشـــەنیگای کەســـی ســـێیەمی تاک لە ڕێگای دایەلۆگ و دیمەن و مۆنتاجی کات و شـــوێن و گرتەی ســـینەمایی دەگێڕدرێتـەوە. لـەم دەقـەدا زمـان ڕیتمئـامێز و چڕوپڕە و نووسـەر خۆی لە شـیعرییەت بواردووە و هەوڵیشـی داوە ئەتمۆســفیرێکی کافکاییمان پێشــکەش بکات، بە تایبەتی لە هــەڵســـوکـەوت و وتــەکـانی پیرەمێردەکـەدا... ئـەمیش هـاوشـــێوەی دەقـەکـانی تر کـەمیی زانیـاریی بـەربینی پێــدراوەکــانی گرتووە و ڕەمز و تــەومومژ دەمودووی پیرەمێردەکەی گەمارۆداوە. دەیەوێ شـــتێک ڕووبدات، بەڵام چی؟ بێگومان نازانێ... دیارە ناڕوونییەکەی ئێرەیش لەبەر ئەوەیە کە ڕەمز تێهەڵکێشـــی بووە، جیاوازییەکەیش تـەنها ئـەوەیـە لێرەدا بـە یـارمـەتی (کـاتی بڵاوبوونـەوەی چیرۆکـەکـە) دەکرێ ئـەو ڕەمزە نـەختێک ڕوون بکرێتـەوە، یانی دەســتەبەرکردنی زانیاریی ســەبارەت بەو بارودۆخە مێژووییەی تێیدا بەرهەم هاتووە...لەڕاســتیدا ئەتمۆســفیری کـافکـایی لـەو بڕگـەیـەدا زۆر چڕدەبێتـەوە کـە لـە کـاراکتـەر دەپرســـن بۆچی لەوێ وەســـتاوە و ئەویش دەڵێ: (بۆ لای کاک هیوا هاتووم...) کەچی نە "هیوا"یەک لەوێ هەیە و نە کەســێکی ئەوێیش ئەو هیوایە دەناســێ، چونکە شــوێنەکە

دەســــتــاودەســــتی کردووە و تــاقمێکی تر ئــەوێیــان بەدەســــتەوەیە، کاغەزەکەیش لەبەر ئەوەی ئەوەندە وەختە چــاوەڕوانیی ئــەو دیــدارەی "هیوا" بووە داهێزراوە و نووسینەوەکەشی کاڵبووە و ناخوێنرێتەوە. لێرەدا پەی بە دوو واقیع دەبرێت، واقیعی ڕابردوویەکی نزیک و واقیعی هــەنووکــە... پــاڕادۆکســــی ئێرەیش ئــەوەیــە ئــایــا ئــەم کاراکتەرەیش وەکو کاراکتەری چیرۆکی (ســـــێگۆشـــــەی باسێکی کۆن) ئاگای لە دەوروبەر و دنیاکەی نییە و نازانێ گۆڕانکاریی تێدا ڕوویداوە؟ جگە لـەمـە ئـەو کـە جحێڵـە و باوکی منداڵی بەرمەمکانە چۆن قســــەی (عەیب ناکەیت بە ڕیشـــــی ســــپییەوە درۆ دەکـەیـت)ی بـەڕوودا دەدرێت؟ کاراکتـەر بـەو پارچـە کاغـەزەوە دەکـەوێتـەڕێ، بـە ئومێدە، بیر لـەوە دەکاتـەوە کـە کـەســــێک دەیناســــێ و دەبێتـە فریادڕەسی، بەڵام پاش گۆڕانکاریی لە کەسـەکان، ئایا ئەو هەســـــتە هەر وەکو خۆی لەلای پاڵەواندا دەمێنێتەوە؟ ئایا ئـەو شـــوێنـە هـەر هـەمـان شــــوێنـە بۆ ئـەو؟ ئـایـا لـەم کەینوبەینانەدا ئەو خاوەنی ناســــنامەی خۆیەتی، خۆی پێ کەشــف دەکرێت و بارودۆخەکە باشــتر تێدەگات؟ ئەمانە هـەمووی پرســــیاری خوێنەرن کە هـەر دەبێ خۆیشـــــی

بەدوای وەڵامیاندا بگەڕێت، چونکه دەق دەسـتگیررۆیی ناکات و له بری ئەوەی وەڵامەکانیشـی بۆ ئامادە بکات دەیانشارێتەوە. پاشان ئەوەی گرنگه ئەوەیه ئەم کاراکتەرە و ئـەوانی دییش چ پـەیوەندییـەکمـان لـەگـەڵیاندا دەبێت و چۆن دەبنه بەشێک له ئێمه ئەگەر لێیان تێنەگەین؟ چۆن له ڕێگایانەوە له خۆمان زیاتر تێدەگەین و دەبنه بەشـێک له کەسـایەتییمان و گۆڕانکارییمان تێدا دروسـت دەکەن؟ ئایا دەتوانن هـەر وەکوو (ئـانـدرۆ بێنیـت و نیکۆلاس ڕۆیـڵ) دەڵێن: پێشـنیازی وەڵام بۆ پرسـیاری من کێم بکەن، نەک هەر بۆ خۆیان، بەڵکو بۆ ئێمەیش؟ چونکه تێگەیشـتن و درک بـەخۆ و بـه خـەڵـک کردنیش، لـه ڕێگـای زمـانـەوە پێدەگات و دێتەئاراوە، بەڵام لێرەدا ئەمه مانای ئەوە نییه هـەموو جۆرە بەکارهێنانێکی زمان ئـەمـەی لێدەکەوێتەوە، نـەخێر، زمـانێک کـه هێزی گـەیشـتنی هـەبێت، وزە بـه خوێنـدنـەوە بـدات، بـەهـای مـەعریفیی هـەڵبگرێـت کـه سـەرەنجام دەبێته بەهای ئیسـتێتیکی، هەر وەکو ئەوەی "حەمید ئەلڕوبەیعی" بۆی چووە و ئەمەیش بناغەی ئەدەبی گێڕانـەوەیـە... زمـانێـک کـه بتوانین ئـەودیوی ببینین و لێکیبـدەینـەوە، نـەک ئـەودیوەی تـاریکییـەکی بێئـامـان

بیتـەنێتـەوە و ئێمـەیش کـەوتبینـە پێش سـەردەمی پڕۆمیسـیۆس تیایدا. بـەمـەیش کـاراکتـەر یـەکڕەهـەنـد دەردەکەوێت، یانی وەکوو ئەوەی ***"ئی. ئێم. فۆرسـتەر"*** دەڵێت: فلات، واتە یەکڕوو و یەکئاسـت. دواجار کاراکتەر ژیانکردووئاسـا نەبێت و پێوانەی نەبێت بۆ ڕەفتاری خۆی و نەزانێت بۆچی بەو شـێوەیە هەڵسـوکەوت و گوفتار دەکـات، ئـەوا گێڕانـەوەیش لۆژیکێکی قـەنـاعـەتبـەخش پێشکەش ناکات.

ئێسـتا دەکرێ بڵێین چەرخ هەردەم بەرانبەر بە داهێنەرە ڕەسـەنەکان چەپگەڕ بووە، بەڵام هەرگیز نەیتوانیووە ڕوونـاکیی ڕاسـتـەقینـەی داهێنـان بشـارێتـەوە و لـە درەوشـانەوەی بخات، ئەگەر وایش نەبوایە و داهێنان شـتێکی گەردوونیی و هەمیشـەیی نەبوایە و داهێنەریش پێیەکی لەناو ئاییندە نەبوایە ئەوا کێ پاش نیو سـەدە ***(سـەدرەدین عارف)***ی بیر دەکەوتـەوە؟ ئەگەر چیرۆک نووسـیش، ***"میشـێل بوتۆر"*** گوتەنی، هەر لە هەمان دنیاوە سـرووشـی بۆ بێت کە پەیدەرپەی لە گۆڕاندایە، ئەوا (سـەدرەدین عـارف) بـە پلـەی نـایـاب کوڕی دنیـا و سـەردەمەکەی خۆیەتی، چونکە ئەدەبەکەی ئەگەرچی

دەقاودەق پۆرتریێتی خۆی نییە، بەڵام بە ڕەنگەکانی خۆی ڕەنگڕێژی کردووە و بە مەسەلە و پرسێکی گرنگ بارگاوی کردووە و بەرەو ئاسۆ بەرفراوانترەکانی داهێنان بردوویەتی، بۆیە ئەدەبێکی دیار و بەرجەستە و کاریگەرە، بەڵام داخەکەم لە دنیای کۆک و پێکەوە گونجاوی ناپاکیی و گەندەڵییدا هونەری ڕەسەن، "***جیانی ڤاتیمۆ***" گوتەنی، هەر تەنها بە بێدەنگیی دەدوێت و سەروسەدا دەرناکات، بەڵام سەربار توانیوویێتی ئەو وێنە بەهادار و تاهەتاییە بخولقێنێ کە هەموو کارێکی داهێنەرانە ئاتاجی بە خولقاندنی هەیە... ئەگەر ئەدەبیش باشترین بەش بێت لە ژیان، بە مەرجێک ژیان باشترین بەش بێت لە ئەدەب، وەکوو ئەوەی "والاس ستیڤنس" ئاماژەی داوەتێ، ئەوا مادامەکێ ئێمە مەحکوومین بە ژیان، پێویستە مانای پێ ببەخشین، پێویستە جوانیی پێ ببەخشین، مانا و جوانییش تەنها داهێنان بە ژیانی دەبەخشن... هەموو داهێنانێکیش پاساوی ژیان و مانەوەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، ئەگەر لەم پاساوانە خاڵی بێت ئەوا هیچ شتێک دادی نادات، نەدەتوانێ بژی و نەیش دەتوانێ بەرگەی گۆڕانکارییەکانی زەمەن بگرێت و بمێنێتەوە. بۆیە بەر لە هەموو شتێک دەکرێ

بڵێین ئێمە بە نووســـــین مەحکوومین، چونکە هاندەرە بۆ ژیانکردن بە شـــێوەیەکی جوانتر، بە شـــێوەیەک کە بێهوودەیی و نائومێدیی و ڕۆتینەکانی هەڵکردن کەمتر بکاتەوە و شـــایانی ئەزموونکردنێکی مرۆییانە بێت و پێی بکرێ بیروباوەڕ و تێفکرینمان بشڵەقێنێ و ئاشناییمان بە شـــتەکان نائاشـــنا بکات و بمانهەژێنێ، یان بتوانین بڵێین بمانگۆڕێ! دیارە ئەدەبیش هەر بەوە پێناســـە دەکرێت کە نائاسایی کردنی ئاساییە، هەر وەکوو "***ڤیکتۆر شکڵۆفسکی***" بۆی چووە، واتە بەخشینی ڕازئامێزیی و سەیروسەمەرەیی بە ئاسایی و بەرزکردنەوەی بۆ ئاستی سەرسووڕهێنەر و کردنی هەموو ســەرســووڕهێنەرێکیش بە ئاســایی، وەکوو ئەوەی "حەننا عەببوود" دەڵێت. ئەدەبەکەی (ســـــەدرەدین عارف)یش لەبەر ئەوە بایەخدارە، چونکە ئەم پێناســـــەیە هەڵدەگرێت و پرســیار دەورووژێنێت و ئاماژە بە شــتێکی گرنگ دەدات کە ئەویش ئەوەیە ژیان بێ مانا نییە و جگە لەمەیش پێبەپێی ئەو ئامانج و ڕەهەندانەی لەخۆی دەگرێت سنووری ئاسـایی تێپەڕاندووە و تیایدا نائاسـاییتر بووە و ئەو چێژەیش بە خوێنەر دەگات کە لە کەشـــفکردنی ئەو نائاســـاییەدا دەســـتەبەری دەکات. یان بە گوێرەی ئەوەی

"بریخت"بۆی چووە، هێزی نائاسـایی کردنی ئەدەب بە شێوەیەکی گشتیی لەو توانایەیدا بەرقەرارە کە دەمانگۆڕێت و هاوکات دنیای دەوروبەریشمان دەگۆڕێت... لە ڕاستیشدا خوێنەر ئەزموونکەری ئەم هەستە دەبێت، چ لە خۆیدا و چ لە دنیای دەوروبەریشـیدا و پەی بە گۆڕانکاریی دەبات و باوەڕیش بەوە دەهێنێ کە مامەڵە لەگەڵ شـتێکی جیاوازدا دەکات. پێبەپێی ئەمە زمانیش تا ڕادەیەک ڕێگای نائاسـایی خۆی دەگرێتەبەر و دەبێتە هەڵگری مانایەکی ڕووکەش کە ئەمەیش "وولفگانگ ئایزەر" گوتەنی ئاماژە بە مانایەکی ناواخنیی دەدات و دەکرێ لە خودی خۆیشـی جیاواز بێت و ئاماژە بە شـتێکی تر، یان شـوێنێکی تر بدات، بە گوێرەی ئەوەی (ئاندرۆ بێنیت و نیکۆلاس ڕۆیڵ) جەختیان لێکردۆتەوە، بەڵام بێگومان لێرەدا- لەم ئەدەبەدا ئەمە دەوڵەمەندە و ئەو زمانە تەقلیدییەی پێش خۆی نییە، بۆیە دایەلۆگی لەگەڵ نەوەکان و سەردەمەکاندا بەردەوام دەبێ و لە چوارچێوەی کاتێکی دیاریکراویشدا قەتیس نابێت و لە زەمەنە جیاوازەکانیشدا دەبێتە خاوەنی مانا و دەلالەتی جیاواز... دواجار دەشـێ دەقیش، وەکو ئەوەی "وولفگانگ ئایزەر" بۆی چووە، لە

بارودۆخە مێژووییە جیاوازەکاندا خاوەنی (مەدلوول)ی جیاوازیش بێت.

سەرەنجام ئەگەرچی خوێندنەوە و شرۆڤەکردن، بەپێی "***شلایەرماخەر***"، هونەری خۆپاراستنە لە بەدحاڵیبوون، کەچی دیارە ئەم دەستەواژە گرنگە ڕێژەیی بوونی خۆی بەرجەستە دەکات کاتێ لەگەڵ بەرهەمەکانی (سەدرەدین عارف)دا هاوپەیوەندی دەکەین و لەوانەشە ئەم کارە لە بەدحاڵیبوون قورتارمان نەکات، چونکە خوێنەر، هەروەکوو ناوبراوی پێشووتری ئەم پەرەگرافە دەڵێ، دەیەوێ سەرلەنوێ بەو ڕووداوە دەروونییەدا گوزەر بکات کە نووسەر پێیدا تێپەڕیووە، بەڵام ئەمەیش یارمەتیدەر نابێت بۆ حاڵیبوون، لەبەر ئەوەی مانای بابەتییانە لەکاری ئەدەبییدا، بە گوتەی "لوسیان گۆڵدمان"، زۆرجار بۆ خودی نووسەر خۆیشی ناڕوونە... بۆیە پاش ئەم خوێندنەوەیە و پاش ئەم دواندنەی دەقەکان، دەشێ بوترێ: ئەگەرچیش ئێمە وا هەست دەکەین هەر تەنها بۆ سەردەمێک نووسراون و بە هەموو کات و سەردەمەکان تایبەت نین، بەڵام، لەگەڵ ئەوەیشدا دەکرێ لەگەڵ فۆرمالیستەکاندا هاوڕابین کە دەڵێن دەقە ئەدەبییەکان سەر بە کات و

ســــەردەمێکی دیاریکراو نین و گەردوونین و دەکەونە ســــەرووی مێژووەوە و لە ڕاســــتیشــــدا هێز و کواڵیتیی بەرگەگرتنی زەمەنیان تێدایە، جگە لەوەیش توانای گۆڕانیش شک دەبەن، هەڵبەتا مەبەست گۆڕانە لە ئاماژە دەلالییەکان، کە دیارە هەموو نەوەیەک هەوڵدەدات بۆ خۆی و سەردەمەکەی دیاریی و تایبەتمەندی بکات.

ئابی ٢٠١٩: هەولێر- تشرینی دووەمی ٢٠١٩: لەندەن

***سەرچاوەکان:**

١- سـابیر ڕەشـید- سـەدرەدین عارف- نوێکاری چیرۆکی کوردی- دەزگای چاپ و پەخشـــی ســـەردەم- ســـلێمانی ٢٠١٨

٢- حاتم الصـکر - ترویچ النص - دراسـه للتحلیل النصـی فی النقد المعاصــــر - اجرا◌ ات... و منهجیات - الهیئه المصریه العامه للکتاب - ١٩٩٨.

٣- جیروم کلینکوڤتز- فن الروایــه ألامریکیــه- ترجمــه: سمیره مصگفی أحمد- دار المعارف- القاهره ١٩٨٨

٤- د.ســـمیر روحی الفیصـــل- الروایه العربیه- البنا◌ والرو◌ یا- مقاربات نقدیه- منشـــورات اتحاد الکتاب العرب- دمشق- ٢٠٠٣

٥- میشـــال بوتور- بحوپ فی الروایه الجدیده- ترجمه: فرید أنگونیوس- منشـــورات عویدات- بیروت- باریس- الگبعه الپالپه- ١٩٨٦

٦- حميد الربيعى- ســـــرد بوصــــفه شـــغفا- عن الروايه وافاقها- الموســـــوعه الپقافيه- العدد ١٦٢- الگبعه ألاولى- بغداد- ٢٠١٧

٧- موســـوعه المصـــگلح النقدى- الواقعيه- تأليف: ديمين گرانت- ترجمه: دكتور عبدالواحد لو◌ لو◌ ه- دار الرشيد للنشر- بغداد- ١٩٨٠

٨- كولن ويلســـون- چياع فى ســـوهو- نقلها الى العربيه: يوســـف شـــرور و عمر يمق- دار الاداب- الگبعه الرابعه- بيروت- ١٩٧٩

٩- دكتور عبدالواحد لو◌ لو◌ ه- ألوان المغيب- دراسات و ترجمات نقديه- المو◌ ســـــــه العربيه للدراســـات و النشر- الگبعه ألاولى- بيروت- لبنان- ٢٠٠٩

١٠- فولفغـانغ ايزر- التخييلى و الخيـالى من منڤور ألانگربولوجيـه ألادبيـه- ترجمـه: د. حميـد لحمـدانى- د. الجلالى الكديه- الدار البيچا◌ - الگبعه الاولى- ١٩٩٨

١١- أدونيس- موســـيقى الحوت ألازرق- الهويه، الكتابه، العنف- دار التكوين للتأليف و الترجمه و النشــر- دمشــق- ٢٠١٨

١٢- جيانى ڤاتيمو- نهايه الحداپه- الفلســـفات العدميه و التفســـيريه فى الپقافه مابعد الحداپه(١٩٨٧)- ترجمه: د. فاگمه الجيوشـــى- دراســات فكريه ٣٧- منشــورات وزاره الپقافه- دمشق- ١٩٩٨

١٣- حنا عبود- من تاريخ الروايه- دراســـه- منشـــورات اتحاد الكتاب العرب- دمشق- ٢٠٠٢

١٤- على حســـين- فى صـــحبه الكتب- مقالات- دار أپر للنشر و التوزيع- المملكه العربيه السعوديه- الگبعه الاولى- ٢٠١٧

١٥- موســوعه المصــگلح النقدى- الحبكه- تأليف: أليزابپ دپل- ترجمه: دكتور عبدالواحد لو◌ لو◌ ه- دار الرشـــيد للنشر- بغداد- ١٩٨١

١٦- ويليس بارنســتون- مع بورخيس- مســا◌ عادى فى بوينس ايرس- ترجمه: د.عابد اسماعيل- دار المدى- الگبعه الپانيه- ٢٠١٤

-١٧ And ، Criticism،An Introduction To Literature Theory- ANDREW BENNETT And NICHOLAS ROYLE- Pearson- Longman- Fourth Edition- G.B 2009

١٨- TZVETAN TODOROV- Hope And Memory- Reflections On The Twentieth Century- Atlantic Books- London- 2003